
# کورتەی ژیانی سیاسیی ڕێبەرانی

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٣٢٤ - ١٣٨٤    ١٩٤٥ - ٢٠٠٥







بەبۆنەی شەستەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی حیزبەوە

ئامادەکردن : سەید ڕەزا دروودگەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی

# کورتەی ژیانی سیاسیی ڕێبەرانی
# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**( ١٣٢٤ ـ ١٣٨٤ ) ( ١٩٤٥ ـ ٢٠٠٥ )**

**( بەبۆنەی شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبەوە )**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پێناسی کتێب**

**ناوی کتێب:**

کورتەی ژیانی سیاسیی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

(١٣٢٤ تا ١٣٨٤) (١٩٤٥ ـ ٢٠٠٥)

**بڵاوەکردنەوە:**

کومیتەی بەڕێوەبەریی یادی ٦٠ ساڵە دامەزرانی حیزب

**کۆکردنەوەو ئامادەکردن:**

سەید ڕەزا دروودگەر

**پیتچنینو مۆنتاژ:**

شەفیع ڕەوشەنی

**ژمارەکان:**

٥٠٠ دانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕست


سەرەتا .................................................. ٤

ناوی ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزب لە ماوەی ٦٠ ساڵی رابردوودا ........................................ ٧

سەرنجێك بۆ سەر كۆنگرەكانو چۆنیەتیی دیاریكردنی ئەندامانی رێبەریی حیزب ............................. ١٤

كورتەی ژیانی سیاسیی هاورێیانی رێبەرایەتیی حیزب ............................................ ٢٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەرەتا

## خوێنەرە بەڕێزەکان!

ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٤، ٦٠ ساڵ بەسەر تەمەنی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشەوا قازی محەممەد، قاسملوو و شەرەفکەندیدا تێدەپەڕێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ماوەی ٦٠ ساڵ تەمەنو تێکۆشانی خۆیدا بە هەزاران ئەندام، پێشمەرگەو فەرماندەی ئازاو بەوەجی پێشکەشی بارەگای ئازادی کردووەو بە دەیان ئەندامی ڕێبەرایەتی‌یەکەی لە ڕەوتی خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادیو مافی نەتەوایەتی‌دا گیانیان بەخت کردوە کە لە سەرووی هەمووانەوە سێ ڕێبەری لێوەشاوەو ناسراوی لە ئاستی ناوچەو جیهاندا، یانی پێشەوا قازی محەممەدو دوکتور قاسملووو دوکتور سادیق شەرەفکەندی دەبینرێن، بەڵام هیچ کات لە تێکۆشان ڕانەوەستاوەو هەر جاریش لە جاری پێشوو زیاتر لەسەر داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان سوور بووەو چەندین جار زامی هەڵگرتوە، بەڵام لە هیچ کاتێکدا چۆکی دانەداوە، زۆر جار لەلایەن دوژمنانەوە تۆمەتی جۆراوجۆری وەپاڵ دراوەو بۆختانی بۆ هەڵبەستراوەو لە بەڕێوەبردنی هیچ کارێکی نارەواو خراپ نیسبەت بە حیزب دریغیان نەکردوە، بەڵام حیزبەکەمان توانیویەتی بە ڕووسووری، ڕەوایی ڕێبازو سیاسەتەکانی خۆی بسەلمێنێ.

لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی گەلەکەمان، گەلی خۆڕاگرو قارەمانی کورد بکەین کە لە هیچ کام لەو قۆناغانەدا حیزبو ڕێبەرایەتی‌یەکەیان بەتەنیا نەهێشتۆتەوەو یارو پشتو پەنای هەمیشەیی حیزب بوون.

هەر لەم ڕۆژەداو بەم بۆنەیەوە، کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ئەم یادە بڕیاری داوە بۆ ڕێزلێنان لەو خەباتکارانە کە لە ماوەی ئەم ٦٠ ساڵەدا لە قۆناغە جیاجیاکاندا حیزبیان ڕێبەری کردوە، بیانناسێنێو کورتەیەك لە بیوگرافی‌یان بخاتە بەرچاوی خوێنەرانو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان، بۆ ئەوەی بزانن کێن ئەوانەی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتو بە چ شێوەیەكو لە کام قۆناغدا حیزبە خۆشەویستەکەیانیان ڕێبەری کردوە. لە پەنای ئەوانیش‌دا بە پێویستی دەزانین ڕێز لە فیداکاریو تێکۆشانی خەڵکی کوردستان بگرین کە لە ماوەی شەست ساڵ خەباتی حیزبە تێکۆشەرەکەیاندا هەموو کات خۆڕاگرانە لە مەیدانی تێکۆشاندا ئامادە بوونو، دڵنیاشیان بکەینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە هەڵگرو پشتیوانی خواستو ئامانجەکانی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵی کوردستانە.

***

سەرەتا بۆ ئاگاداریی زیاتری ئێوە، ئاماژە بە ناوی ئەو ١٨٣ کەسە دەکەین کە لە ماوەی شەست (٦٠) ساڵی ڕابردوودا نەخشیان لە ڕێبەریی حیزبدا بووە، پاشان چۆنیەتیی پێکهاتنی کۆنگرەکانی حیزبو چۆنیەتیی دیاریکردنی ئەندامانی ڕێبەری لە کۆنگرەکان (لە کۆنگرەی ١ تا کۆنگرەی ١٣) پێشکەش دەکەینو دواییش ئاماژە بە کورتەیەك لە ژیانی سیاسیی هاوڕێیانی ڕێبەریو مەسئوولییەتەکانیان دەکەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خوێنەرە بەڕێزەکان!**

ئێمە بە پێی زانیاریو ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستماندا بوون، بە ئەمانەتەوە باسی ژیانی سیاسیو خەباتی ئەو بەڕێزانەمان کردوە کە لە ماوەی ئەم ٦٠ ساڵەدا حیزبی دێموکراتیان رێبەری کردوە.

کارێکی لەم چەشنە کە یەکەم جارە لە مێژووی حیزبدا دەکرێ، بێ کەموکوڕی نیە. بەتایبەت بۆ حیزبی دێموکرات کە زۆر قۆناغی سەختی خەباتی بڕیوەو هەلومەرجی نەخوازراوی بۆ پێش هاتوە، زۆرجار ئارشیوو نووسراوەو وێنەو ...کانمان بەهۆی شەڕو لە ئاکامی هێرشی دوژمنانی گەلەکەماندا سووتاونو تێدا چوون.

بۆیە ئەگەر کورتەی ژیانی سیاسیی کەسێك کەموکورتیی تێدا بوو یا وێنەی لەگەڵ نەبوو، بەهۆی لەبەردەستدا نەبوونی ژیاننامەو وێنەی ئەو کەسە بووە.

لە کۆتاییشدا بە پێویستی دەزانین سوپاسی خۆمان پێشکەشی هەموو کادرو پێشمەرگەو ئەندامە خۆڕاگرەکانی حیزب بکەین کە لە هەموو ئەو هەورازو نشێوو خۆشیو ناخۆشییانەدا بە مانای واقیعی، پێشمەرگەی سەنگەری پێشەوەی خەبات بوونو بە بێ توسقاڵێك لەرزۆکی لەو ئوسووڵو پرنسیپانە کە ساختاری سیاسی، تەشکیلاتی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی حیزبیان لەسەر دانراوە، دیفاعیان کردوەو درێژەدەری بەئەمەگی رێگای پێشەواو قاسملووو شەرەفکەندی بوون.

**سەرکەوێ خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە رێبەرایەتیی حیزبی ێموکرات**

**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی رێوڕەسمی جەژنی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٤**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ناوی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب

# لە ماوەی ٦٠ ساڵی ڕابردوودا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| ریز | ناوو شۆڕەت | لاپەڕە | تێبینی: |
|---|---|---|---|
| ١ | پێشەوا قازی محەممەد | ٢٩ | سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووەو وەك پێشەوای کورد دیاری کراوە |
| ٢ | حاجی بابا شێخ | ٣٠ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو سەرۆك وەزیرانی کۆمار بووە |
| ٣ | محەممەد حوسەینی سەیفی قازی | ٣١ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو وەزیری بەرگری |
| ٤ | مەناف کەریمی | ٣١ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان |
| ٥ | محەممەد ئەمین موعینی | ٣٢ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو وەزیری کیشوەر |
| ٦ | عەبدولڕەحمان ئیلخانیزادە | ٣٢ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو وەزیری دەرەوە |
| ٧ | محەممەد ئەیووبیان | ٣٢ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو وەزیری تەندروستی |
| ٨ | مەحموود وەلیزادە | ٣٢ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو وەزیری کشتوکاڵ |
| ٩ | خەلیل خسرەوی | ٣٢ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو وەزیری کارو فەرمان |
| ١٠ | ئەحمەد ئیلاهی | ٣٢ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو وەزیری ئابووری |
| ١١ | مستەفا داوودی | ٣٣ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو وەزیری بازرگانی |
| ١٢ | ئیسمایل ئیلخانیزادە | ٣٣ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەزیری ڕێگاوبان |
| ١٣ | زیرۆ بەگی هەرکی | ٣٣ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان |
| ١٤ | ڕەشید بەگی جەهانگیری | ٣٣ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان |
| ١٥ | محەممەدئەمین شەرەفی | ٣٤ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان |
| ١٦ | محەممەد دڵشاد ڕەسوولی | ٣٤ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان |
| ١٧ | ڕەحمان زەبیحی | ٣٤ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان |
| ١٨ | سەید عەبدوڵڵا گەیلانیزادە | ٣٥ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان |
| ١٩ | عومەر خان شکاك | ٣٥ | |
| ٢٠ | کەریم ئەحمەدەین | ٣٥ | ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو وەزیری پۆستو تەلگراف |
| ٢١ | عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد توفیق) | ٣٥ | |
| ٢٢ | سدیق ئەنجیری | ٣٦ | |
| ٢٣ | سلێمان موعینی | ٣٦ | |
| ٢٤ | ئەمیر قازی | ٣٧ | |
| ٢٥ | محەممەد ڕەشید حوسەینی | ٣٧ | |
| ٢٦ | مەلا رحیم وێردی | ٣٨ | |
| ٢٧ | نەخۆ (باپیر شکاك) | ٣٨ | |
| ٢٨ | غەنی بلووریان | ٣٩ | |
| ٢٩ | عەزیز یوسفی | ٣٩ | |
| ٣٠ | عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار) | ٤٠ | |
| ٣١ | دوکتور عەلی مەولوودی | ٤٠ | |
| ٣٢ | سەید کامیل ئیمامی | ٤٠ | |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| ڕیز | ناوو شۆرەت | لاپەڕە | تێبینی: |
|---|---|---|---|
| ٣٣ | حەبیب وەرزێری | ٤٠ | |
| ٣٤ | دوکتور ڕەحیم سەیفی قازی | ٤١ | |
| ٣٥ | سەنار مامدی | ٤١ | |
| ٣٦ | دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو | ٤٢ | |
| ٣٧ | عەبدوڵڵا حەسەنزادە | ٤٣ | |
| ٣٨ | مەلا حەسەن ڕەستگار | ٤٤ | |
| ٣٩ | محەممەد ئەمین شێخ الاسلامی (هێمن) | ٤٥ | |
| ٤٠ | محەممەد ئەمین سەراجی | ٤٥ | |
| ٤١ | ڕەسووڵ پێشنەماز | ٤٥ | |
| ٤٢ | قادر وێردی | ٤٦ | |
| ٤٣ | کەریم حەداد | ٤٦ | |
| ٤٤ | سەید ڕەسووڵ دێهقان | ٤٧ | |
| ٤٥ | کەریم حیسامی | ٤٧ | |
| ٤٦ | دوکتور سوڵتان ئوتەمیشی | ٤٧ | |
| ٤٧ | محەممەد مۆهتەدی | ٤٧ | |
| ٤٨ | دوکتور حەسەن شەتەوی | ٤٧ | |
| ٤٩ | هاشم کەریمی | ٤٨ | |
| ٥٠ | محەممەد ڕەسووڵ حەسەنپوور | ٤٨ | |
| ٥١ | سەلام شەفیعی | ٤٨ | |
| ٥٢ | ئیسمایل حاجی | ٤٨ | |
| ٥٣ | دوکتور سادق شەرەفکەندی (سەعید) | ٤٩ | |
| ٥٤ | مستەفا هیجری | ٥٠ | |
| ٥٥ | جەلیل گادانی | ٥١ | |
| ٥٦ | سەرگورد حەبیبوڵڵا عەباسی | ٥٢ | |
| ٥٧ | حەسەن شەرەفی | ٥٣ | |
| ٥٨ | حوسەین مەدەنی | ٥٤ | |
| ٥٩ | مەلا حەسەن شیوەسڵی | ٥٥ | |
| ٦٠ | کەماڵ دەباغی | ٥٦ | |
| ٦١ | ئەبووبەکر هیدایەتی | ٥٦ | |
| ٦٢ | مستەفا شەڵماشی | ٥٧ | |
| ٦٣ | نەوید موعینی | ٥٧ | |
| ٦٤ | فارۆق کەیخۆسرەوی | ٥٧ | |
| ٦٥ | ئەحمەد عەزیزی | ٥٧ | |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| ڕیز | ناوو شۆرەت | لاپەڕە | تێبینی: |
|---|---|---|---|
| ٦٦ | ڕەحمان کەریمی | ٥٨ | |
| ٦٧ | سەلیم بابانزادە | ٥٨ | |
| ٦٨ | جەهانگیر ئیسماعیلزادە | ٥٨ | |
| ٦٩ | فەوزیە قازی | ٥٩ | |
| ٧٠ | تەها عەتیقی | ٥٩ | |
| ٧١ | سەید حەسەن هاشمی | ٥٩ | |
| ٧٢ | عەلی مێهرپەروەر | ٦٠ | |
| ٧٣ | حوسەین ئیبراهیمی | ٦١ | |
| ٧٤ | عوسمان ئەسراری | ٦٢ | |
| ٧٥ | مەلا ڕەحمان کاژەیی | ٦١ | |
| ٧٦ | فەریدوون میتران | ٦٢ | |
| ٧٧ | حەکیم ڕەزایی | ٦٢ | |
| ٧٨ | شاپوور فیرووزی | ٦٣ | |
| ٧٩ | تەها حەقتەلەب | ٦٣ | |
| ٨٠ | عەزیز ماملێ | ٦٤ | |
| ٨١ | سەید عەلی ڕەحمانی | ٦٤ | |
| ٨٢ | قادر عەبدی | ٦٤ | |
| ٨٣ | فەتاح کاویان | ٦٥ | |
| ٨٤ | ڕەحمان حاجی ئەحمەدی | ٦٥ | |
| ٨٥ | تەیفوور بەتحایی | ٦٦ | |
| ٨٦ | موهەندیس ئاریا | ٦٦ | |
| ٨٧ | ڕەحیم محەممەدزادە | ٦٦ | |
| ٨٨ | نەبی قادری | ٦٦ | |
| ٨٩ | عەبدوڵڵا بەهرامی | ٦٧ | |
| ٩٠ | زوبەیدە تالبپوور | ٦٨ | |
| ٩١ | ئەحمەد جاویدفەڕ (هەژار) | ٦٨ | |
| ٩٢ | سەعید کوێستانی | ٦٩ | |
| ٩٣ | دوکتور حوسەین خەلیقی | ٦٩ | |
| ٩٤ | عەلی کاشفپوور | ٧٠ | |
| ٩٥ | سەرگورد عەلیار | ٧٠ | |
| ٩٦ | محەممەدنەزیف قادری | ٧١ | |
| ٩٧ | ڕەحیم بەغدادی | ٧٢ | |
| ٩٨ | تاهیر عەلیار | ٧٢ | |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| ریز | ناوو شۆرەت | لاپەڕە | تێبینی: |
|---|---|---|---|
| ٩٩ | غەنی غەنیپوور | ٧٣ | |
| ١٠٠ | بێهرووز کوردئەحمەدی | ٧٣ | |
| ١٠١ | غەفوور هەمزەیی | ٧٤ | |
| ١٠٢ | هۆمایوون ئەردەڵان | ٧٥ | |
| ١٠٣ | جەعفەر حامیدی | ٧٦ | |
| ١٠٤ | عەزیز لەحیمی | ٧٧ | |
| ١٠٥ | عەزیم ئەفسەر | ٧٧ | |
| ١٠٦ | ئەبووبەکر راد | ٧٧ | |
| ١٠٧ | عەبدولڕەحمان رەحیمی (چەکۆ) | ٧٨ | |
| ١٠٨ | فەتاح عەبدولی | ٧٩ | |
| ١٠٩ | سدیق فەرۆخیان | ٨٠ | |
| ١١٠ | موراد قادری | ٨١ | |
| ١١١ | سدیق بابایی | ٨١ | |
| ١١٢ | عەبدوڵڵا عێزەتپوور | ٨٢ | |
| ١١٣ | حەسەن ئەیوبزادە (مامۆستا گۆران) | ٨٢ | |
| ١١٤ | عەبدڵڵا قادری | ٨٣ | |
| ١١٥ | سەید سەلام عەزیزی | ٨٤ | |
| ١١٦ | عوسمان رەحیمی | ٨٥ | |
| ١١٧ | ئیرەج قادری | ٨٦ | |
| ١١٨ | عیسمەت عەبدی | ٨٦ | |
| ١١٩ | سەعدوون عەباسی | ٨٦ | |
| ١٢٠ | کەماڵ کەریمی | ٨٧ | |
| ١٢١ | مەحموود دەشتی | ٨٨ | |
| ١٢٢ | ئیبراهیم لاجانی | ٨٨ | |
| ١٢٣ | شاپوور شوجاعی | ٨٩ | |
| ١٢٤ | عەبدوڵڵا شەریفی | ٨٩ | |
| ١٢٥ | عومەر شەریفزادە | ٨٩ | |
| ١٢٦ | مەنسوور فەتاحی | ٩٠ | |
| ١٢٧ | تەیموور مستەفایی | ٩١ | |
| ١٢٨ | سەید رەزا دروودگەر | ٩٢ | |
| ١٢٩ | مستەفا مەولوودی | ٩٣ | |
| ١٣٠ | حەسەن قادرزادە | ٩٤ | |
| ١٣١ | محەممەد عەلی عەنایەتی | ٩٥ | |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| ریز | ناوو شۆرەت | لاپەڕە | تێبینی: |
|---|---|---|---|
| ١٣٢ | عومەر باڵەکی | ٩٦ | |
| ١٣٣ | شاهۆ حوسەینی | ٩٧ | |
| ١٣٤ | کاوە بەهرامی | ٩٨ | |
| ١٣٥ | سدیق فیرووزی | ٩٩ | |
| ١٣٦ | رۆستەم جەهانگیری | ٩٩ | |
| ١٣٧ | سەید ئەحمەد حوسەینی | ١٠٠ | |
| ١٣٨ | ئیسمایل بازیار | ١٠٠ | |
| ١٣٩ | عەبدولقادر رەحمانی (قادر وریا) | ١٠١ | |
| ١٤٠ | محەممەد شەهرەوان | ١٠٢ | |
| ١٤١ | سەید برایم هاشمی | ١٠٣ | |
| ١٤٢ | عەبدوڵڵا ئیبراهیمی | ١٠٤ | |
| ١٤٣ | لۆقمان مێهفەڕ | ٤٠٥ | |
| ١٤٤ | حوسەین نازدار | ١٠٦ | |
| ١٤٥ | سلێمان کەڵەشی | ١٠٧ | |
| ١٤٦ | عومەر حەمیدی | ١٠٧ | |
| ١٤٧ | سەید رەسووڵ سەید ئەحمەدی | ١٠٧ | |
| ١٤٨ | ئەحمەد نستانی | ١٠٨ | |
| ١٤٩ | سەید برایم کەریمی | ١٠٩ | |
| ١٥٠ | ئەسعەد ئەحمەدی | ١١٠ | |
| ١٥١ | سەید مەنسوور ناسری | ١١١ | |
| ١٥٢ | موعتەسەم نوورانی | ١١٢ | |
| ١٥٣ | کەریم مەهدەوی (سەقزی) | ١١٣ | |
| ١٥٤ | خەجیج مەعزوور | ١١٤ | |
| ١٥٥ | محەممەد ساڵح قادری | ١١٥ | |
| ١٥٦ | مەلا ئەحمەد رەحیمی | ١١٦ | |
| ١٥٧ | خوسرەو بەهرامی | ١١٧ | |
| ١٥٨ | محەممەد کەسرایی | ١١٨ | |
| ١٥٩ | محەممەد حەسەنپوور | ١١٩ | |
| ١٦٠ | خوسرەو عەبدوڵڵاهی | ١٢٠ | |
| ١٦١ | تاهیر کەسیلی | ١١٩ | |
| ١٦٢ | عەلی کەسنەزانی | ١٢٠ | |
| ١٦٣ | خالید عەزیزی | ١٢٠ | |
| ١٦٤ | میرۆ عەلیار | ١٢١ | |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| ریز | ناوو شۆرەت | لاپەڕە | تێبینی: |
|---|---|---|---|
| ١٦٥ | سەید عەبدوڵڵا حوسەینی | ١٢١ | |
| ١٦٦ | هەمزە چێهرەگوشا (بێبەش) | ١٢٢ | |
| ١٦٧ | خالید وەنەوشە | ١٢٢ | |
| ١٦٨ | عومەر شاداب | ١٢٣ | |
| ١٦٩ | عومەر غۆلامعەلی | ١٢٣ | |
| ١٧٠ | رەحیم مەنگوڕی | ١٢٤ | |
| ١٧١ | عەبدولڕەزا کەریمی | ١٢٤ | |
| ١٧٢ | کەریم پەرویزی | ١٢٥ | |
| ١٧٣ | عەلی سۆرانی | ١٢٥ | |
| ١٧٤ | ئەحمەد جەهانگیری | ١٢٥ | |
| ١٧٥ | عێرفان رەهنموون | ١٢٦ | |
| ١٧٦ | سەعید بەیگزادە | ١٢٦ | |
| ١٧٧ | هێمن سەیدی | ١٢٧ | |
| ١٧٨ | سیامەك وەكیڵی | ١٢٧ | |
| ١٧٩ | عەبدوڵڵا بەهرامی | ١٢٨ | |
| ١٨٠ | شاهۆ فەرازمەند | ١٢٨ | |
| ١٨١ | عەلی کتابی | ١٢٨ | |
| ١٨٢ | محەممەدئەمین مەجیدیان | ١٢٩ | |
| ١٨٣ | ئەحمەد پادگانی | ١٣٠ | |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ناوی ئەندامانی رێبەری کە لە ساڵی ١٣٢٤ەوە تا ئێستا ( ساڵی ١٣٨٤ ) شەهید بوون یان کۆچی دوایی‌یان کردوە:

| ریز | ناوو شۆرەت |
|---|---|
| ١ | پێشەوا قازی محەمەد |
| ٢ | حاجی باباشێخ |
| ٣ | محەمەد حسەین سەیفی قازی |
| ٤ | مەناف کەریمی |
| ٥ | محەمەد ئەمین موعینی |
| ٦ | عەبدولڕەحمان ئیلخانی‌زادە |
| ٧ | سەید محەمەد ئەیووبیان |
| ٨ | محەمەد وەلی‌زادە |
| ٩ | خەلیل خوسرەوی |
| ١٠ | ئەحمەد ئێلاهی |
| ١١ | مستەفا داوودی |
| ١٢ | سدیق حەیدەری |
| ١٣ | ئیسمایل ئیلخانی‌زادە |
| ١٤ | زێرۆبەیگی هەرکی |
| ١٥ | رەشیدبەیگی جەهانگیری |
| ١٦ | رەحمان زەبیحی |
| ١٧ | محەمەد رەسوولی (دلشاد) |
| ١٨ | محەمەد ئەمین شەرەفی |
| ١٩ | سەید عەبدوللا گەیلانی‌زادە |
| ٢٠ | عومەر خان شەکاک |
| ٢١ | کەریم ئەحمەدەین |
| ٢٢ | عەبدوللا ئیسحاقی |
| ٢٣ | سدیق ئەنجیری |
| ٢٤ | سلێمان موعینی |
| ٢٥ | محەمەد رەشید حوسەینی |
| ٢٦ | مەلا رەحیم وێردی |
| ٢٧ | باپیر شکاک |
| ٢٨ | عەزیز یوسفی |
| ٢٩ | عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار) |
| ٣٠ | سەید کامیل ئیمامی |
| ٣١ | حەبیب وەرزیری |
| ٣٢ | دوکتور رەحیم سەیف قازی |

| ریز | ناوو شۆرەت |
|---|---|
| ٣٣ | کەریم حیسامی |
| ٣٤ | دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو |
| ٣٥ | قادر وێردی |
| ٣٦ | سەید رەسووڵ دێهقان |
| ٣٧ | دوکتور سولتان ئەتەمەشی |
| ٣٨ | دوکتور سادق شەرەفکەندی |
| ٣٩ | رەحمان کەریمی |
| ٤٠ | سەرگورد کەریم عەلیار |
| ٤١ | ئەبووبەکر هیدایەتی |
| ٤٢ | کەماڵ دەباغی |
| ٤٣ | حەکیم رەزایی |
| ٤٤ | تەها حەقتەلەب |
| ٤٥ | نەبی قادری |
| ٤٦ | عەبدوللا بەهرامی |
| ٤٧ | ئەحمەد جاویدفەر |
| ٤٨ | عەلی کاشفپوور |
| ٤٩ | رەحیم بەغدادی |
| ٥٠ | هۆمایوون ئەردەلان |
| ٥١ | غەفوور هەمزەیی |
| ٥٢ | سدیق فەرۆخیان |
| ٥٣ | فەتاح عەبدولی |
| ٥٤ | سەلام عەزیزی |
| ٥٥ | عەبدوللا قادری |
| ٥٦ | عەبدوللا شەریفی |
| ٥٧ | مەنسوور فەتاحی |
| ٥٨ | سدیق فیرووزی |
| ٥٩ | سەید مەنسوور ناسری |
| ٦٠ | عەلی کتابی |
| ٦١ | عەزیز لەحیمی |
| ٦٢ | سەعدوون عەباسی |
| ٦٣ | شاپوور شوجاعی |
| ٦٤ | شاپوور فیرووزی |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەرنجێك بۆ سەر کۆنگرەکان‌و

# چۆنیەتیی دیاریکردنی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب

چۆنیەتیی دیاریکردنی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب بۆ بەڕێوەبردنی کارو تێکۆشاننیان لە سەرەتای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی‌دا تا ئێستا ـ ١٣٨٤ ـ بە شێوەیەکە، کە ئاماژەی پێ دەکرێ:

لە پێش‌دا ئەندامانی حیزب لە کۆنفرانسەکان‌دا نوێنەری خۆیان بۆ بەشداریی لە کۆنگرە یان کۆنفرانسی حیزب هەڵدەبژێرن. بەو جۆرە کە لە ئەساسنامەی حیزب‌دا باسی لێ کراوە کۆنگرەش ئەندامانی ئەسڵی‌و ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ. پاشان کۆمیتەی ناوەندی کەسێك لەنێو ئەندامانی خۆی‌دا وەك سکرتێری گشتی دیاری دەکاو چەند کەسێکیش وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵدەبژێرێ‌و هەروەها لە نێو ئەندامانی دەفتەری سیاسییش‌دا کەسێك وەك جێگری سکرتێری گشتی دیاری دەکا. کومیتەی ناوەندی بۆی هەیە بەو رادەیە کە ئەساسنامەی حیزب ڕێگای پێ دەدا، موشاویر دیاری بکا.

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، ئەو ١٨٣ کەسانە کە تا ئێستا وەك ئەندامی ڕێبەری، حیزبیان بەڕێوە بردوە، ٦٤ کەسیان شەهید بوون‌و یا بە مەرگی سروشتی کۆچی دوایی‌یان کردوەو ١١٩ کەسیشیان زیندوون.

بۆ زانیاری زیاتر، ڕێکەوتی کۆنگرەکان‌و ڕێکەوتی دیاریکردنی هەرکام لە ئەندامانی حیزب بۆ ئەندامەتیی بەڕێوەبەریی حیزب پێشکەش دەکەین:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لە ڕۆژی ٢ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤، یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد پێك هات، لەو کۆنگرەیەدا بەرنامەی ٢٢ مادەیی پەسند کراو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەشێوەی خوارەوە دیاری کران:

١ـ قازی محەممەد، سەرۆکی حیزب
٢ـ حاجی باباشێخ
٣ـ محەممەد حوسەین خان سەیفی قازی
٤ـ ڕەحمان زەبیحی
٥ـ مەناف کەریمی
٦ـ سەید محەممەد ئەیەبیان (تەهازادە)
٧ـ عەبدولڕەحمان ئیلخانیزادە
٨ـ ئیسمایل ئیلخانیزادە
٩ـ ئەحمەد ئێلاهی
١٠ـ خەلیل خوسرەوی
١١ـ کەریم ئەحمەدین
١٢ـ حاجی مستەفا داوودی
١٣ـ محەممەد ئەمین موعینی
١٤ـ محەممەد وەلیزادە
١٥ـ محەممەد دلشاد ڕەسووڵی
١٦ـ محەممەد ئەمین شەرەفی
١٧ـ سەید عەبدوڵڵا گیلانیزادە
١٨ـ عومەر شکاك
١٩ـ زێرۆبەگی هەرکی
٢٠ـ ڕەشیدبەگی جەهانگیری

**بە پێی هێندێ بەڵگە، لە نێو ئەندامانی کومیتەی ناوەندیدا، ئەم کەسانەش وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی دیاری کراون:**

١ـ قازی محەممەد، سەرۆکی حیزب
٢ـ حاجی باباشێخ
٣ـ محەممەد حوسەین خان سەیفی قازی
٤ـ مەناف کەریمی
٥ـ محەممەد ئەمین موعینی

## کۆنفرانسی یەکەم (بەهاری ١٣٣٤)

لە نیوەی دووهەمی بەهاری ١٣٣٤ بەرانبەر بە ١٩٥٥ی زایینی، لە ناوچەی سەری مەیدان (مەهاباد) بە بەشداریی ٢٠ تا ٢٥ کەس پێك هات. لەو کۆنفرانسەدا جگە لە بڕیاری پچڕانی پێوەندیی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی توودە، ڕێبەرییەکی ٥ کەسیش بەم شێوەیە هەڵبژێردرا:

١ـ عەزیز یوسفی
٢ـ غەنی بلووریان
٣ـ ڕەحمەتوڵڵا شەریعەتی
٤ـ عەبدوڵڵا ئیسحاقی
٥ـ دوکتور قاسملوو

دوکتور مەولەویش وەك موشاویر دیاری کرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## كۆنگرەی دووهەم ( سەرماوەزی ١٣٤٣ )

كۆنگرەی دووهەم لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٣ لە "سۆنێ" لە نێوان سەردەشتو قەڵادزێ گیراو ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی بە شێوەی خوارەوە دیاری كران:

١ـ عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)
٢ـ سلێمان موعینی (فایەق)
٣ـ مەلاسەید ڕەشید حوسەینی (سەقزی)
٤ـ مەلا ڕەحیم وێردی
٥ـ ئەمیر قازی
٦ـ غەنی بلووریان
٧ـ عەزیز یوسفی
٨ـ دوكتور عەلی مەولەوی
٩ـ سەنار مامەدی
١٠ـ حەبیب وەرزێر
١١ـ باپیر شكاك (نەحو)
١٢ـ عەبدولڕەحمان شەرەفكەندی (هەژار)
١٣ـ سدیق زەنجیری
١٤ـ سەید كامیل ئیمامی
١٥ـ ڕەحیم سەیف قازی

**تێبینی: سارمەدین سادق وەزیریش، غیابەن هەڵبژێردراوە. لەو كۆنگرەیەدا كاك عەبدوڵڵا ئیسحاقی بوو بە بەرپرسی یەكەم.**

## كۆنفرانسی دووهەم ( ١٣٤٨/٥/٢٦ )

كۆنفرانسی دووهەم لە ڕۆژی ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٤٨ لە گوندی گەلاڵەی مەنگوڕایەتی سەر بە ناوچەی سەنگەسەر لە ئوستانی سلێمانی ـ كوردستانی عێراق ـ گیرا.

بۆ تەرمیمی ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی، ٣ كەسیان بە ناوەكانی: ١ـ حەسەن ڕەستگار، ٢ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادەو مامۆستا هێمن هەڵبژارد.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کۆنفرانسی سێهەم (١٩٧١/٦/٢١)

کۆنفرانسی سێهەم ڕۆژی ١٣٥٠/٣/٣١ بەرانبەر بە ١٩٧١/٦/٢١ لە شاری کۆیەی کوردستانی عێراق گیراو کۆمیتەی ناوەندی تازەی هەڵبژارد کە لە ١١ کەس پێك هاتبوو:

| | | |
|---|---|---|
| ١ـ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو | ٢ـ کەریم حیسامی | ٣ـ محەمەد ئەمین سەراجی |
| ٤ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە | ٥ـ مامۆستا هێمن | ٦ـ ئەمیر قازی |
| ٧ـ ڕەسووڵ پێشنەماز | ٨ـ حەسەن ڕەستگار | ٩ـ قادر وێردی |
| ١٠ـ سەید ڕەسووڵ دێهقان | ١١ـ کەریم حەداد | |

پاش تەواوبوونی کۆنفرانس لە کۆمیتەی ناوەندی، ٥ کەس بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردران کە بریتیبوون لە:

| | | |
|---|---|---|
| ١ـ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو | ٢ـ کەریم حیسامی | ٣ـ محەمەد ئەمین سەراجی |
| ٤ـ مامۆستا هێمن | ٥ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە | |

## کۆنگرەی سێهەم ١٩٧٢/٩/٢٢

کۆنگرەی سێهەم ڕۆژی ١٩٧٢/٩/٢٢ بەرانبەر بە مانگی خەرمانانی ١٣٥١ی هەتاوی بە بەشداریی ٤٩ ئەندام لە شاری بەغدا گیراو ئەندامانو جێگرانی کۆمیتەی ناوەندی بەشێوەی خوارەوە دیاری کران:

| | | |
|---|---|---|
| ١ـ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو | ٢ـ کەریم حیسامی | ٣ـ محەمەد ئەمین سەراجی |
| ٤ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە | ٥ـ مامۆستا هێمن | ٦ـ محەمەد مۆهتەدی |
| ٧ـ ئەمیر قازی | ٨ـ دوکتور حەسەن شەتەوی | ٩ـ دوکتور سوڵتان ئۆتەمیشی |
| ١٠ـ هاشم کەریمی | ١١ـ ڕەسووڵ پێشنەماز | ١٢ـ سەلام شەفیعی |
| ١٣ـ ئیسماعیل حاجی | ١٤ـ محەمەد ڕەسووڵ حەسەنپوور | ١٥ـ کەریم حەداد |

ئەندامانی دەفتەری سیاسی:

| | | |
|---|---|---|
| ١ـ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو | ٢ـ کەریم حیسامی | ٣ـ محەمەد ئەمین سەراجی |
| ٤ـ دوکتور سوڵتان ئۆتەمیشی | ٥ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە | |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کۆنگرەی چوارەم (١٩٨٠/٢/١٩)

ئەو کۆنگرەیە لە ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٩٨٠/٢/١٩ی زایینی، لە ساڵۆنی سینەمای "ئۆمید"ی شاری مەهاباد بە بەشداریی ٣١٠ نوێنەر دەست بەکار بووو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌و جێگرو موشاویر بە شێوەی خوارەوە دیاری کران:

١ـ غەنی بلووریان
٢ـ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو
٣ـ جەلیل گادانی
٤ـ حەسەن شێوەسڵی
٥ـ فەوزیە قازی
٦ـ ئەمیر قازی
٧ـ مستەفا شەڵماشی
٨ـ دوکتور سادق شەرەفکەندی
٩ـ ڕەحمان کەریمی
١٠ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە
١١ـ جەهانگیر ئیسماعیل‌زادە
١٢ـ فارۆق کەیخوسرەوی
١٣ـ سەرگورد حەبیبوڵڵا عەباسی
١٤ـ نەوید موعینی
١٥ـ سەنار مامەدی
١٦ـ حەسەن ڕەستگار
١٧ـ ئەحمەد عەزیزی
١٨ـ کەماڵ دەبباغی
١٩ـ قادر عەبدی
٢٠ـ هاشم کەریمی
٢١ـ ڕەحیم سەیف قازی
٢٢ـ مستەفا هیجری
٢٣ـ ئەبووبەکر هیدایەتی
٢٤ـ سەید ڕەسووڵ دێهقان
٢٥ـ حوسەین مەددەنی

**تێبینی: مامۆست هێمن وەك ئەندامی ئیفتیخاریی کومیتەی ناوەندی، لەلایەن کۆنگرەوە هەڵبژێردرا.**

دواتر ئەم کەسانەش کە ناوەکانیان لە خوارەوە هاتوە، بۆ ئەندامەتیی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردران:

١ـ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو
٢ـ غەنی بلووریان
٣ـ جەلیل گادانی
٤ـ ئەمیر قازی
٥ـ مستەفا هیجری
٦ـ مستەفا شەڵماشی
٧ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا ١٥ کەسیش وەك موشاویر دیاری کران کە بریتی‌بوون لە:

١ـ سەید حەسەن هاشمی
٢ـ عوسمان ئەسراری
٣ـ فەریدوون میتران
٤ـ ڕەسووڵ پێشنەماز
٥ـ سەید عەلی ڕەحمانی
٦ـ ڕەحمان حاجی ئەحمەدی
٧ـ حوسەین ئیبراهیمی
٨ـ سەلیم بابانزادە
٩ـ عەزیز ماملێ
١٠ـ شاپوور فیرووزی
١١ـ مەلا ڕەحمان کاژەیی
١٢ـ تەها حەق تەلەب
١٣ـ حەسەن شەرەفی
١٤ـ حەکیم ڕەزایی
١٥ـ زوبەیدە تالبپوور
١٦ـ سەلیم بابانزادە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆنگرەی پێنجەم (١٩٨١/١٢/٢)

کۆنگرەی پێنجەم (کۆنگرەی شەهیدان) ڕۆژی ١١ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٠ بەرانبەر بە ١٩٨١/١٢/٢ی زایینی، لە گوندی "شیوەجۆ"ی ناوچەی ڕەبەت گیراو ئەم کەسانەش وەك ئەندام‌و جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێران:

١ـ عەزیز ماملێ
٢ـ دوکتور قاسملوو
٣ـ جەلیل گادانی
٤ـ تەیفوور بەتحایی
٥ـ ئەحمەد جاویدفەر
٦ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە
٧ـ هاشم کەریمی
٨ـ حەسەن شەرەفی
٩ـ مستەفا شەڵماشی
١٠ـ حوسەین مەدەنی
١١ـ دوکتور سادق شەرەفکەندی
١٢ـ حەسەن ڕەستگار
١٣ـ فەتاح کاویان
١٤ـ عەلی کاشفپوور
١٥ـ عەلی مێهرپەروەر
١٦ـ کەماڵ دەباغی
١٧ـ مستەفا هیجری
١٨ـ ڕەحیم محەممەدزادە
١٩ـ سەعید کوێستانی
٢٠ـ حەکیم ڕەزایی
٢١ـ موهەندیس ئاریایی
٢٢ـ ئەمیر قازی
٢٣ـ سەید ڕەسووڵ دێهقان
٢٤ـ عەبدوڵڵا بەهرامی
٢٥ـ نەبی قادری

ئەندامانی دەفتەری سیاسی:

١ـ دوکتور قاسملوو
٢ـ دوکتور شەرەفکەندی
٣ـ جەلیل گادانی
٤ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە
٥ـ فەتاح کاویان
٦ـ مستەفا هیجری
٧ـ مستەفا شەڵماشی

جێگرەکان:

١ـ سەید حەسەن هاشمی
٢ـ تاهیر عەلیار
٣ـ ڕەحیم بەغدادی
٤ـ شاپوور فیرووزی
٥ـ عەلی کتابی
٦ـ عەبدوڵڵا ئیبراهیمی
٧ـ غەنی غەنی‌پوور
٨ـ بێهرووز کوردئەحمەدی

لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی‌دا ٦ کەس وەك موشاویر دیاری کران کە بریتی‌بوون لە:

١ـ مەلا ڕەحمان کاژەیی
٢ـ عەزیم ئەفسەر
٣ـ جەعفەر حامیدی
٤ـ مەلا حەسەن شێوەسلی
٥ـ غەفوور هەمزەیی
٦ـ هومایوون ئەردەڵان
٧ـ عەزیز لەحیمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کۆنگرەی شەشەم (١٩٨٣/١/٢٢)

کۆنگرەی شەشەم (کۆنگرەی کار) لە رۆژی ٢ی رێبەندانی ١٣٦٢ی هەتاوی لە گەلاڵە سەر بە ئۆستانی سلێمانی ـ کوردستانی عێراق ـ پێك هات. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی شەشەم بریتی‌بوون لە:

١ـ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو
٢ـ حەسەن رەستگار
٣ـ جەلیل گادانی
٤ـ تاهیر عەلیار
٥ـ هاشم کەریمی
٦ـ دوکتور سادق شەرەفکەندی
٧ـ مستەفا هیجری
٨ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە
٩ـ حەسەن شەرەفی
١٠ـ مستەفا شەڵماشی
١١ـ هومایوون ئەردەڵان
١٢ـ حوسەین مەدەنی
١٣ـ فەتاح کاویان
١٤ـ حەسەن شێوەسڵێ
١٥ـ عەلی کاشفپوور
١٦ـ دوکتور حوسەین خەلیقی
١٧ـ سەرگورد کەریم عەلیار
١٨ـ رەحیم محەممەدزادە
١٩ـ شاپوور فیرووزی
٢٠ـ عەلی مێهرپەروەر
٢١ـ غەفوور هەمزەیی
٢٢ـ نەبی قادری
٢٣ـ حەکیم رەزایی
٢٤ـ جەهانگیر ئیسماعیل‌زادە
٢٥ـ عەبدوڵڵا بەهرامی

ئەندامانی دەفتەری سیاسیش بریتی‌بوون لە:

١ـ دوکتور قاسملوو
٢ـ دوکتور سادق شەرەفکەندی
٣ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە
٤ـ جەلیل گادانی
٥ـ هاشم کەریمی
٦ـ حەسەن شەرەفی
٧ـ حەسەن رەستگار

جێگرەکانیش بریتی‌بوون لە:

١ـ ئەبووبەکر راد
٢ـ محەممەد ئەمین مەجیدیان
٣ـ موراد قادری
٤ـ رەحمان رەحیمی (چەکۆ)
٥ـ جەعفەر حامیدی
٦ـ سدیق فەرۆخیان
٧ـ فەتاح عەبدولی

موشاویرەکان:

١ـ سنار مامدی
٢ـ مامۆستا گۆران
٣ـ سدیق بابایی
٤ـ عەبدوڵڵا عێزەتپوور



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆنگرەی حەوتەم ( ١٩٨٥/١٢/١٧ )

کۆنگرەی حەوتەم (کۆنگرەی ٤٠ ساڵ خەبات) لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ی هەتاوی لە گوندی "کانی‌مێو" لە سنووری ئێران‌و عێراق بەرێوەچوو.

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی:

١ـ دوکتور قاسملوو
٢ـ هاشم کەریمی
٣ـ دوکتور شەرەفکەندی
٤ـ مستەفا هیجری
٥ـ حوسەین مەدەنی
٦ـ جەلیل گادانی
٧ـ فەتاح کاویان
٨ـ سدیق بابایی
٩ـ عەلی کاشفپوور
١٠ـ حەسەن رەستگار
١١ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە
١٢ـ محەممەد ئەمین مەجیدیان
١٣ـ حەسەن شێوەسڵی
١٤ـ حەکیم رەزایی
١٥ـ نەبی قادری
١٦ـ حەسەن شەرەفی
١٧ـ عوسمان رەحیمی
١٨ـ عەبدوڵڵا قادری
١٩ـ جەعفەر حامیدی
٢٠ـ ئەبووبەکر راد
٢١ـ عەبدوڵڵا عێزەتپوور
٢٢ـ سەید سەلام عەزیزی
٢٣ـ دوکتور خەلیقی
٢٤ـ فەتاح عەبدولی
٢٥ـ عەلی مێهرپەروەر

ئەندامانی دەفتەری سیاسی:

١ـ دوکتور قاسملوو
٢ـ دوکتور شەرەفکەندی
٣ـ حەسەن رەستگار
٤ـ مستەفا هیجری
٥ـ هاشم کەریمی
٦ـ حەسەن شەرەفی
٧ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

جێگرەکان:

١ـ چەکۆ رەحیمی
٢ـ سەعدوون عەباسی
٣ـ ئیبراهیم لاجانی
٤ـ کەماڵ کەریمی
٥ـ حەسەن ئەیووبزادە (گۆران)
٦ـ عیسمەت عەبدی
٧ـ سەرهەنگ (ئیرەج) قادری
٨ـ مەحموود دەشتی
٩ـ شاپوور فیرووزی
١٠ـ محەممەد نەزیف قادری

موشاویرەکان:

١ـ رەحیم محەممەدزادە
٢ـ شاپوور شوجاعی‌فەرد
٣ـ عەبدوڵڵا شەریفی
٤ـ عومەر شەریفزادە
٥ـ غەفوور هەمزەیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کۆنگرەی هەشتەم ( ١٩٨٨/١/١٨ )

کۆنگرەی هەشتەم لە رۆژی ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ی هەتاوی لە شاری سلێمانی کوردستانی عێراق گیرا. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەو شێوەیە هەڵبژێردران:

١ـ دوکتور قاسملوو
٢ـ دوکتور سادق شەرەفکەندی
٣ـ دوکتور خەلیقی
٤ـ مستەفا هیجری
٥ـ حەسەن شەرەفی
٦ـ عەلی مێهرپەروەر
٧ـ سەید سەلام عەزیزی
٨ـ فەتاح عەبدولی
٩ـ حەسەن شێوەسڵی
١٠ـ ئیبراهیم لاجانی
١١ـ مەنسوور فەتاحی
١٢ـ محەممەد نەزیف قادری
١٣ـ جەعفە حامیدی
١٤ـ تەیموور مستەفایی
١٥ـ غەفوور هەمزەیی
١٦ـ عەبدوڵڵا شەریفی
١٧ـ مەحموود دەشتی
١٨ـ سەید رەزا دروودگەر
١٩ـ عەبدوڵڵا قادری

ئەندامانی دەفتەری سیاسی:

١ـ دوکتور قاسملوو
٢ـ دوکتور شەرەفکەندی
٣ـ مستەفا هیجری
٤ـ حەسەن شەرەفی
٥ـ عەلی مێهرپەروەر

**تێبینی: پێویستە بگوترێ کە پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، سەلام عەزیزی وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا.**

جێگرەکان:

١ـ سدیق فیرووزی
٢ـ محەممەد عەلی عەنایەتی
٣ـ سەید ئەحمەد حوسەینی
٤ـ مستەفا مەولوودی
٥ـ عومەر حەمیدی
٦ـ عەبدوڵڵا ئیبراهیمی
٧ـ چەکۆ رەحیمی

موشاویرەکان:

١ـ عەبدوڵڵا عیزەتپوور
٢ـ ئەحمەد نستانی
٣ـ سەید رەسووڵ سەید ئەحمەدی
٤ـ شاهۆ حوسەینی
٥ـ کاوە بەهرامی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## كۆنگرەی نۆهەم ( ١٩٩١/١٢/٢١ )

كۆنگرەی نۆهەم (كۆنگرەی قاسملوو) لە ڕۆژی ٣٠ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی لە "گەڵی بەردان"ی باڵەكایەتی گیرا.
ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی بریتیبوون لە:

١ـ دوكتور سادق شەرفكەندی
٢ـ حەسەن شەرەفی
٣ـ مستەفا هیجری
٤ـ حەسەن شێوەسڵی
٥ـ دوكتور خەلیقی
٦ـ عەلی مێهرپەروەر
٧ـ ڕەحمان ڕەحیمی(چەكۆ)
٨ـ مستەفا مەولوودی
٩ـ غەفوور هەمزەیی
١٠ـ مەحموود دەشتی
١١ـ محەممەد عەلی عەنایەتی
١٢ـ فەتاح عەبدولی
١٣ـ محەممەد نەزیف قادری
١٤ـ عەبدوڵڵا شەریفی
١٥ـ سەید سەلام عەزیزی
١٦ـ مەنسوور فەتاحی
١٧ـ عەبدوڵڵا ئیبراهیمی
١٨ـ شاهۆ حوسەینی
١٩ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

ئەندامانی دەفتەری سیاسی:

١ـ دوكتور سادق شەرەفكەندی
٢ـ مستەفا هیجری
٣ـ حەسەن شەرەفی
٤ـ عەلی مێهرپەروەر
٥ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

جێگرەكان:

١ـ ئیبراهیم ساڵحیڕاد
٢ـ حەسەن قادرزادە
٣ـ محەممەد شەهرەوان
٤ـ لۆقمان مێهفەڕ
٥ـ سەید ڕەسووڵ سەید ئەحمەدی
٦ـ كاوە بەهرامی
٧ـ سەید ئەحمەد حوسەینی
٨ـ عومەر حەمیدی

موشاویرەكان:

١٢ـ سەید ئیبراهیم هاشمی
٢ـ عومەر باڵەكی
٣ـ سەید ڕەزا دروودگەر
٤ـ ئەحمەد پادگانی
٥ـ تەیموور مستەفایی



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆنگرەی دەیەم ( ١٩٩٥/٤/١٢ )

کۆنگرەی دەیەم (کۆنگرەی پەنجا ساڵ خەبات) لە ڕۆژی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٧٤ی هەتاوی لە شاری هەولێر گیرا. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە شێوەی خوارەوەیە:

١ـ حەسەن شەرەفی
٢ـ مستەفا هیجری
٣ـ سلێمان کەلەشی
٤ـ محەممەد عەلی عەنایەتی
٥ـ سەید سەلام عەزیزی
٦ـ عومەر باڵەکی
٧ـ محەممەد نەزیف قادری
٨ ـ قادر وریا
٩ـ تەیموور مستەفایی
١٠ـ ئیسمائیل بازیار
١١ـ مستەفا مەولوودی
١٢ـ حەسەن قادرزادە
١٣ـ عومەر حەمیدی
١٤ـ سەید ئەحمەد حوسەینی
١٥ـ محەممەد شەهرەوان
١٦ـ عەلی مێهرپەروەر
١٧ـ حوسەین نازدار
١٨ـ لۆقمان مێهفەڕ
١٩ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

ئەندامانی دەفتەری سیاسی بریتیبوون لە:

١ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە
٢ـ مستەفا هیجری
٣ـ حەسەن شەرەفی
٤ـ عەلی مێهرپەروەر
٥ـ سەید سەلام عەزیزی

جێگرەکان:

١ـ ڕۆستەم جەهانگیری
٢ـ سەید ڕەسووڵ سەید ئەحمەدی
٣ـ ئەسعەد ئەحمەدی
٤ـ سەید مەنسوور ناسری
٥ـ سەید ئیبراهیم هاشمی
٦ـ ئەحمەد نستانی
٧ـ مۆعتەسەم نوورانی
٨ـ کەریم مەهدەوی

موشاویرەکان:

١ـ ڕەحمان ڕەحیمی (چەکۆ)
٢ـ کاوە بەهرامی
٣ـ سەید ڕەزا دروودگەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## كۆنگرەی يازدەهەم ( ١٩٩٧/١٢/٢٣ )

كۆنگرەی يازدەهەم لە رۆژی ٢ی بەفرانباری ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی لە بنكەی راديۆ لە كەركووك بەسترا. ئەندامانی كۆميتەی ناوەندی، جێگرو موشاويرەكان بە شێوەی خوارەوە دياری كران.

١ـ جەليل گادانی
٢ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە
٣ـ عوسمان رەحيمی
٤ـ مستەفا هيجری
٥ـ قادر وريا
٦ـ سلێمان كەڵەشی
٧ـ عەلی مێهرپەروەر
٨ـ سەيد سەلام عەزيزی
٩ـ محەمەد نەزيف قادری
١٠ـ كەماڵ كەريمی
١١ـ حوسەين مەدەنی
١٢ـ سمايل بازيار
١٣ـ حەسەن رەستگار
١٤ـ حەسەن شەرەفی
١٥ـ فەتاح كاويان
١٦ـ چەكۆ رەحيمی
١٧ـ محەمەد عەلی عەنايەتی
١٨ـ مستەفا مەولوودی
١٩ـ حەسەن قادرزادە
٢٠ـ شاهۆ حوسەينی
٢١ـ تەيموور مستەفايی

ئەندامانی دەفتەری سياسی:

١ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە
٢ـ مستەفا هيجری
٣ـ حەسەن شەرەفی
٤ـ عەلی مێهرپەروەر
٥ـ حەسەن رەستگار
٦ـ سەيد سەلام عەزيزی
٧ـ جەليل گادانی

جێگرەكان:

١ـ خەجيج مەعزوور
٢ـ عومەر باڵەكی
٣ـ رۆستەم جەهانگيری
٤ـ كاوە بەهرامی
٥ـ لۆقمان مێهفەڕ
٦ـ ئەحمەد نستانی
٧ـ كەريم مەهدەوی (سەقزی)
٨ـ سەيد رەزا دروودگەر
٩ـ ئيبراهيم كەريمی
١٠ـ سەيد عەبدوڵڵا حوسەينی

موشاويرەكان:

١ـ محەمەد حەسەنپوور
٢ـ ئيبراهيم هاشمی
٣ـ محەمەد ساڵح قادری
٤ـ هەمزە چێهرەگوشا (بێبەش)
٥ـ محەمەد شەهرەوان



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کۆنگرەی دوازدەهەم ( ٢٠٠٠/٩/٢٦ )

کۆنگرەی دوازدەهەم لە رۆژی ١٣٧٩/٧/٤ لە کەرکووك بەسترا.

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و جێگرو موشاویرەکان بریتیبوون لە:

١ـ جەلیل گادانی
٢ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە
٣ـ عوسمان رەحیمی
٤ـ مستەفا هیجری
٥ـ قادر وریا
٦ـ رۆستەم جەهانگیری
٧ـ عەلی مێهرپەروەر
٨ـ کاوە بەهرامی
٩ـ محەممەد نەزیف قادری
١٠ـ کەماڵ کەریمی
١١ـ حوسەین مەدەنی
١٢ـ سمایل بازیار
١٣ـ حەسەن رەستگار
١٤ـ حەسەن شەرەفی
١٥ـ فەتاح کاویان
١٦ـ چەکۆ رەحیمی
١٧ـ سەید رەزا درووگەر
١٨ـ مستەفا مەولوودی
١٩ـ حەسەن قادرزادە
٢٠ـ عومەر باڵەکی
٢١ـ تەیموور مستەفایی
٢٢ـ محەممەد شەهرەوان
٢٣ـ ئەحمەد رەحیمی

ئەندامانی دەفتەری سیاسی:

١ـ عەبدوڵڵا حەسەنزادە
٢ـ مستەفا هیجری
٣ـ حەسەن شەرەفی
٤ـ حەسەن رەستگار
٥ـ حوسەین مەدەنی
٦ـ عەلی مێهرپەروەر
٧ـ مستەفا مەولوودی

جێگرەکان:

١ـ لۆقمان مێهفەڕ
٢ـ کەریم مەهدەوی (سەقزی)
٣ـ محەممەد کەسرایی
٤ـ خوسرەو بەهرامی
٥ـ محەممەد حەسەنپوور
٦ـ مۆعتەسەم نوورانی
٧ـ ئیبراهیم کەریمی
٨ـ خەجیج مەعزوور
٩ـ خالید عەزیزی
١٠ـ حوسەین نازدار
١١ـ محەممەد ساڵەح قادری
١٢ـ سەید ئیبراهیم هاشمی
١٣ـ خوسرەو عەبدوڵڵاهی
١٤ـ عەلی کەسنەزانی

موشاویرەکان:

١ـ عەمەر شاداب
٢ـ خالید وەنەوشە
٣ـ تاهیر کەسیلی
٤ـ میرۆ عەلیار
٥ـ ئەحمەد جەهانگیری
٦ـ سەعید بەیگزادە
٧ـ عەبدولڕەزا کەریمی

# كۆنگرەی سێزدەهەم ( ٢٠٠٤/٧/٤ )

كۆنگرەی سێزدەهەم لە رۆژی ١٣ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی لە شاری كۆیە بەسترا. ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی، جێگرەكان بە شێوەی خوارەوە هەڵبژێران‌و لە یەكێك لە پلینۆمەكانی پاش كۆنگرەش موشاویرەكان دیاری كران:

ئەندامانی كومیتەی ناوەندی:

١ـ مستەفا هیجری
٢ـ حەسەن شەرەفی
٣ـ عەلی مێهرپەروەر
٤ـ حەسەن رەستگار
٥ـ محەمەد نەزیف قادری
٦ـ مستەفا مەولوودی
٧ـ تەیموور مستەفایی
٨ـ حەسەن قادرزادە
٩ـ رۆستەم جەهانگیری
١٠ـ سەید برایم هاشمی
١١ـ كاوە بەهرامی
١٢ـ سەید رەزا دروودگەر
١٣ـ محەمەد ساڵح قادری
١٤ـ ئەسعەد ئەحمەدی
١٥ـ چەكۆ رەحیمی
١٦ـ حۆسەین نازدار
١٧ـ عومەر باڵەكی
١٨ـ ئەحمەد رەحیمی
١٩ـ كەماڵ كەریمی
٢٠ـ سمایل بازیار
٢١ـ لۆقمان مێهفەڕ
٢٢ـ شاهۆ حوسەینی
٢٣ـ خالید عەزیزی

**تێبینی: كاك مەلا حەسەن شێوەسڵی وەك ئەندامی ئیفتیخاریی كۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.**

ئەندامانی دەفتەری سیاسی:

١ـ مستەفا هیجری
٢ـ حەسەن شەرەفی
٣ـ حەسەن رەستگار
٤ـ عەلی مێهرپەروەر
٥ـ مستەفا مەولوودی
٦ـ محەمەد نەزیف قادری
٧ـ تەیموور مستەفایی

جێگرەكان:

١ـ خەجیج مەعزوور
٢ـ محەمەد كەسرایی
٣ـ محەمەد حەسەنپوور
٤ـ عومەر غۆڵامعەلی
٥ـ رەحیم مەنگوڕی
٦ـ سیامەك وەكێڵی
٧ـ تاهیر كەسیلی

موشاویرەكان:

١ـ عیرفان رەهنموون
٢ـ كەریم پەرویزی
٣ـ عەلی سۆرانی
٤ـ شاهۆ فەرازمەند
٥ـ هێمن سەیدی
٦ـ عەبدوڵڵا بەهرامی




كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی

# ئەندامانی رێبەریی حیزب

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی پێشەوا قازی محەممەد
## سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێشەوای کورد



قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی، خەڵکی مەهاباد، لە ساڵی ١٢٧٩ لە شاری مەهاباد لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و قورئانی پیرۆزی لە قوتابخانەکانی مەهاباد تەواو کردووە و خوێندنی ئایینی تا ڕادەی ئیجازەی مەلایەتی، لە لای باوکی و مەلا گەورەکانی شاری مەهاباد تەواو کردووە و هەر لەو کاتەشدا موتالاو لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر مەسایلی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی هەبوو.

زمانی فارسی بە تەواوی شارەزا بووو بە زمانەکانی عەرەبی، فەرانسەیی و ڕووسی قسەی دەکرد.

ساڵی ١٣٢٣ پێوەندیی بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە گرتووە و بۆتە ئەندامی (ژ. ک) و پاش دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا، بووە بە ئەندامی حیزب و ڕۆژی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ کە کۆنگرەی حیزبی گیراوە، بۆتە پێشەوای حیزب و پاش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، بووە بە سەرۆکی ئەو کۆمارە. پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ لە مەهاباد لە سێدارە دراو شەهید کرا.


بۆ وەبیرهێنانەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ ـ ک)، بە پێی هێندێ سەرچاوە ئەو ١١ کەسە بوون:

| | | |
|---|---|---|
| ١ـ حوسەین فرووهەر | ٢ـ عەبدولڕەحمان زەبیحی | ٣ـ عەبدولڕەحمان ئیمامی |
| ٤ـ عەبدولقادر مودەڕیسی | ٥ـ نەجمەددین تەوحیدی | ٦ـ محەممەد نانەوازادە |
| ٧ـ عەلی مەحموودی | ٨ـ محەممەد ئەسحابی | ٩ـ عەبدولڕەحمان کیانی |
| ١٠ـ سەدیق حەیدەری | ١١ـ قاسم قادری | |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عەبدولڕەحمان سیادەت ( ناسراو بە حاج بابا شێخ )




هاوڕێ حاج بابا شێخ لە گوندی "زەنبیل"ی سەقز، ساڵی ۱۲٦۲ لە دایك بووە.

لە پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ ـ ك دا بەشدار بووەو دواتر لە کاتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتو لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبیشدا بۆتە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو لە کۆماری کوردستانیشدا پۆستی سەرۆك وەزیرانی پێ ئەسپێردراوە.

دوای رووخانی کۆمار بۆ ماوەی ٦ ساڵ کەوتۆتە زیندانو پاشان لە گوندی خۆی "تورجان" دەسبەسەر بووەو شەوی ۱۳۳۸/۷/۳۰ هەر لەوێ کۆچی دوایی کردوە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید محەممەدحوسەین خانی سەیفی قازی



کاك محەممەد حوسەین خان کوڕی میرزا حەسەنی سەیفی قازی خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٩١١ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دواناوەندی

ساڵی ١٣٢٤ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب (لە ساڵی١٣٢٤ تا ١٣٢٥) لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ حەمە حوسەین خان لەو ماوەیەدا، پۆستی وەزارەتی بەرگری بووە لە کۆماری کوردستان بووەو لە ساڵی ١٩٤٧ شەهید بووە (لە سێدارە دراوە).



## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك مەناف کەریمی

کاك مەناف خەڵکی مەهاباد، ئەندامی کۆمەڵەی ژ ـ کاف بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دواناوەندی

ساڵی ١٣٢٤ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە، لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبدا کە ڕۆژی ٢ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤ لە مەهاباد گیراوە، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو لە کابینەی کۆماری کوردستاندا بووە بە وەزیری فەرهەنگ.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک محەممەد ئەمین موعینی

کاک محەممەد ئەمین موعینی، خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣٢٤ بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کە ڕۆژی ٢ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤دا گیراوە، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و لە کابینەی کۆماری کوردستان دا وەزیری وڵات (کشور) بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک عەبدولڕەحمان ئیلخانی‌زادە

کاک عەبدولڕەحمان ئیلخانی‌زادە خەڵکی بۆکان، ئەندامی کۆمەڵەی ژ ـ کاف بووەو ساڵی ١٣٢٤ لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەبێتە ئەندامی حیزب‌و لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکرات کە لە ڕێکەوتی ٢ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤ لە مەهاباد گیرا، بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ‌و دواتریش لە کابینەی کۆماری کوردستاندا وەزیری کاروباری دەرەوەی کۆمار بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک محەممەد ئەیوبیان

کاک محەممەد ئەیوبیان، خەڵکی مەهاباد، ئەندامی کۆمەڵەی ژ ـ کاف بووەو ساڵی ١٣٢٤ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دادەمەزرێ، دەبێتە ئەندامی حیزب‌و لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبدا، ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە مەهاباد گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و لە کابینەی کۆماردا وەزیری تەندروستی بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک مەحموود وەلی‌زادە

کاک مەحموود وەلی‌زادە، خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣٢٤ لە کاتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، بووە بە ئەندامی حیزب‌و لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبدا کە ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە مەهاباد پێك هات، دەبێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و لە کابینەی کۆماری کورستاندا بووە بە وەزیری کشتوکاڵ.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک خەلیل خوسرەوی

کاک خەلیل کە پێشتر ئەندامی کۆمەڵەی ژ ـ کاف بووە، لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، ساڵی ١٣٢٤ بۆتە ئەندامی حیزب‌و لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبدا کە لە ساڵی ١٣٢٤ لە مەهاباد بەسترا، دەبێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و دواتر وەزارەتی "کار"ی لە کۆماری کوردستاندا پێ دەسپێردرێ.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک ئەحمەد ئیلاهی

کاک ئەحمەد ئیلاهی خەڵکی مەهاباد، ئەندامی کۆمەڵەی ژ ـ کاف بووەو لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٣٢٤) دەبێتە ئەندامی حیزب‌و لە یەکەمین کۆنگرەی حیزب دا کە ڕۆژی ٢ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤ لە مەهاباد پێك هاتوە، بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ‌و لە کابینەی کۆماری کوردستاندا بە وەزیری ئابووری دیاری دەکرێ.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک مستەفا داوودی

کاک مستەفا داوودی خەڵکی مەهاباد، سەرەتا ئەندامی کۆمەڵەی ژ ـ کاف بووە، ساڵی ١٣٢٤ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراوە، دەبێتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی یەکەمدا کە ساڵی ١٣٢٤ پێک هاتوە، وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێو لە کابینەی کۆماری کوردستاندا وەزارەتی بازرگانیی پێ دەسپێردرێ.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك ئیسماییل ئیلخانیزادە

کاك ئیسماییل ئیلخانیزادە خەڵکی بۆکان، لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا بووە بە ئەندامی حیزبو هەر لە یەکەمین کۆنگرەشدا کە ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە مەهاباد گیرا، بۆتە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو لە کابینەی کۆماردا وەزیری ڕێگاوبان بووە.



## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك زیرۆبەگی هەرکی

کاك زیرۆ کوڕی عارس خەڵکی ورمێ، ساڵی ١٩٠٥ لە گوندی "کووك"ی ناوچەی بەراندوزی ورمێ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: زانستگەی ئەفسەری (لە رووسیە، پلەی ژنراڵی پێ دراوە)

ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بووەو ساڵی ١٣٢٤ لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆتە ئەندامی حیزبو لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبدا کە ڕۆژی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە مەهاباد گیراوە، بە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی هەڵبژێراوە.


بەرپرسایەتیی هاوڕێ ژنراڵ زیرۆ، فەرماندەی لەشکری ١ بووە لە کۆماری کوردستاندا.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك ڕەشیدبەگی جەهانگیری



کاك ڕەشیدبەگ خەڵکی ورمێ، ساڵی ١٣٢٤ بۆتە ئەندامی حیزبو لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبدا کە ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە مەهاباد پێك هات، بۆتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك محەممەد ئەمین شەرەفی




کاك محەممەدئەمین شەرەفی کوڕی حاجی حەسەن خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٢٨٥ لە دایك بووە.


ڕادەی خوێندەواری: دواناوەندی

ساڵی ١٣٢٤ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی (١٣٢٤ تا ساڵی ١٣٢٩) بۆ ماوەی ٥ ساڵ، لە ڕێبەریی حیزب دا بووەو ساڵی ١٣٤٩ لە مەهاباد کۆچی دوایی کردوە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك دڵشاد ڕەسووڵی ( محەممەد ڕەسووڵ دڵشاد )



کاك دڵشاد ڕەسووڵی، خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣٢٤ بۆتە ئەندامی حیزبو لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبدا کە ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە مەهاباد پێك هات، وەك ئەندامی کومیتەی ناوندی هەڵبژێردراوە.



## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك ڕەحمان زەبیحی

کاك ڕەحمان زەبیحی خەڵکی شاری مەهاباد.

ڕادەی خوێندەواری: دواناوەندی

سەرتا وەك ئەندامی کۆمەڵەی ژ ـ کاف تێکۆشانی سیاسیی هەبووەو پاشان لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤دا، بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە کۆنگرەی یەکەم کە ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە مەهاباد گیرا، هەڵبژێردراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک سەید عەبدوڵڵا گەیلانیزادە

کاک عەبدوڵڵا گەیلانیزادە خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣٢٤ بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و لە یەکەمین کۆنگرەی حیزب دا کە ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە مەهاباد پێك هات، بۆتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی.


## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک عومەر خانی شکاک

کاک عومەرخانی شکاک خەڵکی سەڵماس، ساڵی ١٣٢٤ کاتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆتە ئەندامی حیزب‌و لە یەکەمین کۆنگرەی حیزب دا کە ڕۆژی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە مەهاباد پێك هاتوە، وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک کەریم ئەحمەدەین


کاک کەریم ئەحمەدەین خەڵکی مەهاباد، سەرەتا لە کۆمەڵەی ژ ـ کافدا ئەندام بووەو کاتی دامەزرانی حیزبیش لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤دا بۆتە ئەندامی حیزب‌و، لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبدا کە ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە مەهاباد گیرا، وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو لە کابینەی کۆماری کوردستانیشدا وەزیری پۆست‌و تیلگراف بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک عەبدوڵڵا ئیسحاقی ( ئەحمەد توفیق )




کاک عەبدوڵڵا ئیسحاقی خەڵکی مەهاباد، لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبدا کە سەرماوەزی ١٣٤٣ لە سنووری نێوان سەردەشت‌و قەڵادزێ پێك هات، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و هەر لەو کۆنگرەیەدا وەك سکرتێر حیزب هەڵبژێردراوە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید سدیق ئەنجیری



کاك سدیق ئەنجیری خەڵکی مەهاباد، لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبدا کە ساڵی ١٣٤٣ لە سۆنێ لە نێوان سەردەشتو قەڵادزێ گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بەداخەوە لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٤ لە ناوچەی "لێوژێ بۆ کریسکان"ی کوردستانی عێراق شەهید کرا.

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید سلێمان موعینی (فایەق)



هاوڕێ سلێمان کوڕی محەممەد ئەمین خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣١٤ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: خوێندکاری زانکۆ

ساڵی ١٩٥٢ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی بووەو لە کۆنگرەی دووهەم کە لە ساڵی ١٣٤٣ تا ١٣٤٧ لە سۆنێ گیرا، لە ڕێبەریی حیزبدا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ سلێمان لەو ماوەیەدا، بەرپرسایەتیی دەستەیەك پێشمەرگە نێوخۆی کوردستان بووە.

**ساڵی ١٣٤٧ لە سنووری ماوەت لە ناوچەی سلێمانی شەهید بووە.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک ئەمیر قازی

کاک ئەمیر قازی، خەڵکی حاجیئاوای مەهاباد، ساڵی ١٣١٧ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانس

لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبدا کە لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٣ لە "سۆنێ"ی نێوان قەڵادزێو سەردەشت گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی تا کۆنگرەی ٦. ساڵی ١٣٦٢و لەو ماوەیەدا دوو دەورە ئەندامی دەفتەری سیاسی بووە. پێش کۆنگرەی ٦ چۆتە دەرەوەی وڵاتو وەك ئەندامی حیزب نەما.

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ ئەمیر لەو ماوەیەدا بریتین لە:

١ـ بەرپرسی بەشی پێشمەرگە


٢ـ نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات

٣- بەرپرسایەتیی پێوەندییەکان حیزب لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان.

٤ـ بەرپرسایەتیی نەخۆشخانە

٥ـ بەرپرسی بەشی ماڵی

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید مەلا ڕەشید حوسەینی




کاك ڕەشید حوسەینی کوڕی مام عەلی خەڵکی گەورە قەڵای سەرشیوی سەقز، ساڵی ١٣٠٢ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: ئایینی

ساڵی ١٣٢٤ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی دووهەمی حیزب کە لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٣ لە "سۆنێ"ی نێوان قەڵادزێو سەردەشت گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی.

ساڵی ١٣٥٨ شەهید بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید مەلارەحیم وێردی (ناسراو بە میرزا ئەحمەد)



کاک رەحیم وێردی کوڕی مەلا نەسروڵڵا خەڵکی "نجنەی خواروو"ی بانە، ساڵی ١٩١٢ی زایینی (١٢٩١ی کۆچی) لە دایک بووە.

رادەی خوێندەواری: خوێندنی مەلایەتی تەواو کردوە

ساڵی ١٣٢٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا یەك دەورە ئەندامی ڕێبەری حیزب بوو. ساڵی ١٣٤٣ تا ساڵی ١٣٤٦.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ وێردی لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتیی تەشکیلاتی گوندەکانی کوردستانی ئێران بووە.

**تێبینی: ساڵی ١٣٤٦ لە ناوچەی تەوێڵەی سەر بە ئوستانی سلێمانی شەهید کراوەو تەرمەکەی دراوەتەوە بە ڕێژیمی شا.**

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید نەحۆ (ناسراو بە باپیرشکاك)



کاك نەحۆ، خەڵکی گوندی "ساکان"ی ناوچەی شکاکانی سەڵماس، ساڵی ١٣٠٩ لە دایك بووە.


رادەی خوێندەواری: دواناوەندی

ساڵی ١٣٣٥ بۆتە ئەندامی حیزب، ساڵی ١٣٣٧ لە لایەن ڕێژیمەوە گیراو ماوەی ٥ ساڵ زیندانی کرا. پاش ئازاد بوون، هاتە ریزی خەباتگێڕانی حیزبەوەو لە ساڵی ١٣٤٣ بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی تا کاتی شەهیدبوونی لە ساڵی ١٣٤٦دا.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ باپیرشکاك لەو ماوەیەدا، بەرپرسایەتیی دەستەیەك لە پارتیزانەکانی نێوخۆی کوردستان بووە.


ساڵی ١٣٤٦ شەهید بووە.

# کورتەی ژیانی سیاسیی کاک غەنی بلووریان



غەنی بلووریان خەڵکی مەهاباد، لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبدا کە ڕۆژی ٢ی سەرماوەزی ١٣٤٣ لە سۆنێ لە نێوان سەردەشتو قەڵادزێ گیرا، بوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو هەروەها لە کۆنگرەی ٤دا بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو ئەندامی دەفتەری سیاسیو پاش ئەوەو لە ساڵی ١٣٥٨ بەولاوە لە حیزبدا نەماوەو لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێراندا وەدوای ژیانی خۆی کەوتووە.

# کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید عەزیز یوسفی




کاک عەزیز، خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣٤٣ لە کۆنگرەی دووهەمی حیزب کە لە ڕۆژی ٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٣ لە "سۆنێ"ی نێوان سەردەشتو قەڵادزێ گیرا، بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو پاشان لە لایەن ڕێژیمی شاوە گیراو بۆ ماوەی نزیك بە ٢٠ ساڵ لە زیندانی ڕێژیمدا مایەوەو لە ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٣٥٦ لە زیندان ئازاد کراو دواتر بەهۆی نەخۆشیی دڵ کۆچی‌دوایی کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی ( مامۆستا هەژار )



کاک عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی خەڵکی گوندی تەرغەی بۆکانو برای شەهیدی نەمر دوکتور سادق شەرەفکەندی، لە کۆنگرەی دووهەمی حیزب کە سەرماوەزی ١٣٤٣ لە "سۆنێ"ی نێوان سەردەشتو قلادزێ گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی. پاشان وازی لە ئەندامەتیی حیزب هێنا.

**مامۆستا هەژار، شاعیرو نووسەری بەناوبانگی نەتەوەکەمان بووەو، شێعرو نووسراوەکانی بەناوبانگن.**

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک دوکتور عەلی مەولەوی

کاک دوکتور عەلی مەولەوی خەڵکی مەهاباد، لە کۆنگرەی ٢ کە سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٣ لە "سۆنێ"ی نێوان سەردەشتو قەڵادزێ گیرا، بۆتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی (تا کۆنفرانسی سێهەم، ساڵی ١٣٥٠). پاشان وازی لە ئەندامەتیی حیزب هێنا.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک سەید کامیل ئیمامی

کاک سەید کامیل خەڵکی مەهاباد، لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبدا کە لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٣ لە سۆنێ ـ نێوان سەردەشتو قەڵادزێ پێك هات، وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردراوە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک حەبیب وەرزێڕی

کاک حەبیب وەرزیڕی خەڵکی مەهاباد لە کۆنگرەی ددوهەمی حیزبدا کە لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٣ لە "سۆنێ" نێوان قەڵادزێو سەردەشت گیراوە، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك دوکتور رەحیم سەیفی قازی



کاك دوکتور رەحیم سەیفی قازی خەڵکی مەهاباد، لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبدا کە ساڵی ١٣٤٣ لە "سۆنێ"ی نێوان سەردەشتو قەڵادزێ گیراوە، وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێراوە تا کۆنفرانسی سێهەم لە ساڵی ١٣٥٠و لە کۆنگرەی ٤ی حیزبیشدا کە رۆژی ٣٠ی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی. ماوەیەك دوای کۆنگرەی ٤ وازی لە ئەندامەتیی حیزب هێنا.


## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك سەنار مامەدی



کاك سەنار خەڵکی سەڵماس، لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبدا کە ٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٣ لە گوندی "سۆنێ"ی نێوان سەردەشتو قەڵادزێ گیراوە، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو هەروەها جارێکی دیکە لە ساڵی ١٣٥٨و لە کۆنگرەی چواردا کە لە شاری مەهاباد گیراوە، وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندێ هەڵدەبژێردرێو پاشان بۆ ماوەیەك دەستی لە کاری حیزبی هەڵگرت.

بەڵام جارێکی دیکەش لە یەکەمین پلینۆمی دوای کۆنگرەی شەشەمی حیزب کە لە رۆژی ٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ لە گوندی "گەڵاڵە"ی سەر سنووری عێراق ـ ئێران لە ئوستانی سلێمانی گیرا، بووە بە موشاویری کومیتەی ناوەندیو ماوەیەك دواتر وازی لە حیزبایەتی هێناو وەدوای ژیانی ئاسایی خۆی کەوت.

# کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو





دوکتور عەبدولڕەحمان کوڕی محەممەد ئاغای وسوق لە شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢١ی دیسامبری ساڵی ١٩٣٠ی زایینی لە گوندی قاسملوو کە لە نێوان شارەکانی ورمێ‌و شنۆ هەڵکەوتووە، لە دایک بووە.

قوناغەکانی سەرەتایی‌و ناوەندی لە ورمێ تەواو دەکاو ساڵی ١٣٢٤ تێکۆشانی سیاسیی خۆی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە شاری ورمێ دەس پێ دەکا. ساڵی ١٣٢٥ بۆ درێژەدانی خوێندن دەچێتە تاران‌و لە دەبیرستانی "البرز" یان "کاج" خەریکی خوێندن دەبێ.

ساڵی ١٣٢٧ لە تاران دیپلۆم وەردەگرێ‌و بە بورسی دەوڵەتی دەچێتە فەرانسەو لە ڕشتەی ئابووریی سیاسی‌دا دەست دەکا بە خوێندن. ساڵی ١٣٢٨ لە فەرانسە بورسی خوێندن هەڵدەوەشێتەوەو بە هاوکاریی حیزبی توودە بۆ درێژەدانی خوێندن لە چیکۆسلۆڤاکی بورسی بۆ وەردەگیرێ‌و لەوێ درێژە بە خوێندن دەدا. ساڵی ١٩٥١ لیسانس وەردەگرێ‌و ئەو کاتە کە دوکتور موسەدیق دەبێتە سەرۆک وەزیر، دێتەوە ئێران‌و ماوەیەك لە تاران دەبێ‌و لەوێوە دەگەڕێتەوە مەهابادو بەرەبەرە حیزب دەس دەکاتە گەشەکردن. پاش کودیتای گەلاوێژی ساڵی ٣٢، (٩ی ئووتی ١٩٥٣) دوکتور قاسملوو بۆ ماوەی ٢ ساڵ تووشی ژیانی نهێنی دەبێ.

ساڵی ١٣٣٤ کۆنفرانسی یەکەمی حیزب لە ناوچەی سەری مەیدان سەر بە مەهاباد پێك دێنێ‌و جیابوونەوە تەشکیلاتی‌یەکەی حیزبی دێموکرات‌و حیزبی توودە پەسند دەکرێ‌و پاش ئەوە بە نهێنی دەچێتە عێراق. لە ساڵی ١٣٣٤ەوە بەردەوام بۆ کاری حیزب لە هاتوچۆدا بووە لە نێوان تاران ـ بەغداو دیمەشق ـ پراگ. لە ساڵی ١٣٣٩ دەگەڕێتەوە پراگ‌و دوکتورای زانستی ئابووری وەردەگرێ‌و ماوەیەك لە زانستگەی "سەنت شارل" لە پاریس وانەی "ئابووریی سەرمایەداری‌و ئابووریی سوسیالیستی‌و تیئۆریی هەڵدان"ی دەگوتەوە.


لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب کە ڕۆژی ١٩٧١/٦/٢١ لە کۆیەی کوردستانی عێراق گیرا، بەشداریی کردو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و دەفتەری سیاسی هەڵدەبژێردرا، هەر لەو کاتەش دا وەك سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژێردرێ‌و ٨ دەورەو بۆماوەی ١٩ ساڵ سکرتێری گشتیی حیزب بووە.


ساڵی ١٣٦٨ لە ڤیەن پێتەختی ئۆتریش شەهید بووەو تەرمەکەی لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس بە خاك سپێردراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عەبدوڵڵا حەسەنزادە





هاوڕێ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کوڕی حەسەن خەڵکی ئاوایی "سیسێر"ی ناوچەی سەردەشت، ساڵی ١٣١٧ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: خوێندنی ئایینی تەواو کردوە

ساڵی ١٣٣٢ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١٠ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی دەفتەری سیاسی، لە ساڵی ١٣٥٠ تا ساڵی ١٣٨٣ بۆ ماوەی ٢٩ ساڵ. جگە لە ساڵەکانی ١٣٦٦ تا ١٣٧٠

٢ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٤٨ تا ساڵی ١٣٨٣ بۆ ماوەی ٣١ ساڵ. جگە لە ساڵەکانی ١٣٦٦ تا ١٣٧٠

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ عەبدوڵڵا لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ جێگری سکرتێری گشتی (سێ دەورە)

٢ـ بەرپرسی ئینتشاراتی حیزب

٣ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی ڕادیۆو چاپەمەنی


٤ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵی

٥ـ سکرتێری حیزب بۆ ماوەی نزیك بە ١٠ ساڵ (ساڵی ١٣٧٤ تا ١٣٨٣)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ حەسەن ڕەستگار

هاوڕێ حەسەن ڕەستگار کوڕی ئیبراهیم خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣١٤ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی ئەدەبیاتی کوردی

ساڵی ١٣٣٦ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٩ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی دەفتەری سیاسی، ساڵی ١٣٦٢ تا ساڵی ١٣٨٤ بۆ ماوەی ١٢ ساڵ. جگە لە ساڵەکانی ١٣٦٦ تا ١٣٧٦

٢ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٤٨ تا ساڵی ٨٤ بۆ ماوەی ١٤ ساڵ. جگە لە ساڵەکانی ١٣٦٦ تا ١٣٧٦

گرنگترین بەرپرسایەتیەکانی هاوڕێ حەسەن ڕەستگار لەو ماوەیەدا، بریتیبوون لە:

١ـ بەرپرسی کادرو پێشمەرگە لە کوردستانی عێراق

٢ـ بەرپرسی کلاسی کادری حیزب

٣ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی سەردەشت

٤ـ بەرپرسی کومیتەی نەغەدە

٥ـ بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب

٦ـ بەرپرسی ناوەندی ئاژوان


٧ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزب

٨ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی فێرکردنو لێکۆڵینەوەی حیزب



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی محەممەدئەمین شیخۆلئیسلامی (مامۆستا هێمن)




مامۆستا هێمن خەڵکی مەهاباد، لە کۆنفرانسی دووهەم (گەلاوێژی ١٣٤٨)و کۆنفرانسی سێهەمی حیزبدا (جۆزەردانی ١٣٥٠) لە شاری کۆیەی کوردستانی عێراق گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی سێهەمیش (١٣٥١) بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوەتەوەو لە کۆنگرەی ٤یشدا وەك ئەندامی ئیفتیخاریی کومیتەی ناوەندی دیاری کراوە.

**مامۆستا هێمن یەکێك لە شاعیرە گەورەکانی نەتەوەی کورد بووە.**

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك محەممەدئەمین سەراجی

کاك محەممەدئەمین لە کۆنفرانسی سێهەم کە ڕۆژی ١٩٧١/٦/٢١ لە شاری کۆیە گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو هەروەها لە کۆنگرەی سێهەم کە ١٩٧٢/٩/٢٢، ڕەزبەری ١٣٥٢ لە شاری بەغدا گیراوە، بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراوەو تا کونگرەی ٤ ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك ڕەسووڵ پێشنەماز




کاك ڕەسووڵ، خەڵکی مەهاباد لە کۆنفرانسی سێهەمدا کە مانگی جۆزەردانی ١٣٥٠ لە شاری کۆیەی سەر بە ئوستانی هەولێر لە کوردستانی عێراق گیراوە، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو هەروەها لە کۆنگرەی سێهەمیشدا کە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢ لە بەغدا گیراوە، دووبارە وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی چواریشدا وەك ئەندامی موشاویر هەڵبژێردراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید مەلا قادر وێردی




کاك قادر وێردی کوڕی مەلا ڕەحیم خەڵکی مینجەڵانی بانە، ساڵی ١٣٢٤ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دەرسی ئایینی خوێندوە

ساڵی ١٣٤٦ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنفرانسی سێهەم کە لە مانگی جۆزەردانی ساڵ ١٣٥٠ لە شاری کۆیە گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی تا ساڵی ١٣٥٢ کە لە بانە شەهید کرا.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ مەلا قادر لەو ماوەیەدا کاروباری نیزامیو تەشکیلاتی لە نێوخۆی کوردستاندا بووە تا کاتی شەهیدبوونی لە ساڵی ١٣٥٢دا.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك کەریم حەداد



کاك کەریم کوڕی محەممەدئەمین خەڵکی سەردەشت، ساڵی ١٣٠٩ لە سەردەشت دایك بووە.

ساڵی ١٣٣٢ پێوەندیی بە حیزبەوە گرتوەو لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب کە لە ساڵی ١٣٥٠ لە شاری کۆیەی لە کوردستانی عێراق گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبیشدا کە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢ لە بەغدا گیراوە، بووە بە کومیتەی ناوەندیو تا کۆنگرەی ٤ کە لە ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، وەك ئەندامی ڕێبەریی حیزب تێکۆشانی هەبووە.

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی کاك کەریم لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە ناوچەی سەردەشت


٢ـ فەرماندەی هێز لە کومیتەی سەردەشت بووە

٣ـ بەرپرسی کومیتەی سەردەشت




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک سەید ڕەسووڵ دێهقان



کاک ڕەسووڵ لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب کە لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٠ لە شاری کۆیەی سەر بە ئوستانی هەولێر گیرا، بوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی. هەروەها لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب کە لە مانگی ڕەزبەری ١٣٥٢ لە شاری بەغدا گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب.

هەروەها ڕۆژی ٣٠ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ لە کۆنگرەی چواردا کە لە شاری مەهاباد گیرا، دووبارە بۆتەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی پێنجەمیش کە ڕۆژی ١١ی سەرماوەزی ١٣٦٠ لە گوندی "شیوەجۆ"ی ڕەبەت گیراوە، وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.



## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك کەریم حیسامی

کاک کەریم لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب کە ڕۆژی ١٩٧١/٦/٢٧ لە شاری کۆیە گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو هەروەها لە کۆنگرەی سێهەمیشدا دووبارە بۆتەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی تا ساڵی ١٣٥٨ (بۆ ماوەی ٨ ساڵ) کە کۆنگرەی چوارەمی حیزب گیرا. پاش ساڵی ١٣٦١ ڕۆیشت بۆ ئورووپاو لەوێ درێژەی بە ژیانی ئاسایی خۆی داو لە سویس کۆچی دوایی کرد.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك دوکتور سوڵتان ئۆتەمیشی

کاك سۆڵتان خەڵکی بۆکان لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب کە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢ لە بەغدا گیراوە، وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.


## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك محەممەد موهتەدی

کاك محەممەد موهتەدی خەڵکی بۆکان، لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب دا کە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢ لە شاری بەغدا گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك دوکتور حەسەن شەتەوی

کاك دوکتور حەسەن شەتەوی خەڵکی ورمێ، لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب دا کە ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢ لە بەغدا گیراوە، وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.


## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک هاشم کەریمی




کاک هاشم کەریمی، خەڵکی بانە، ڕادەی خوێندەواری، لیسانس

لە کۆنگرەی سێهەمدا کە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢ لە شاری بەغدا بەسترا، وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. هەروەها لە کۆنگرەی ٤، ٥، ٦و ٧یشدا بۆتەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو لەو ماوەیەدا بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی،ماڵیو کومیتەی بانە بووە. هەروەها لە کۆنگرەکانی ٦و ٧ دا بۆ ماوەی ٤ ساڵ ئەندامی دەفتەری سیاسی بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ محەممەدڕەسووڵ حەسەنپوور





هاوڕێ محەممەد ڕەسووڵ حەسەنپوور کوڕی ئیبراهیم خەڵکی سەردەشت، ساڵی ١٣٢١ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دیپلۆم

ساڵی ١٣٤٦ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی (١٣٥٢ تا ١٣٥٨) لە ڕێبەرایەتیی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ محەممەد ڕەسووڵ لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ بەرپرسی پێوەندیی تەشکیلاتیی حیزب لە نێوخۆی وڵات

٢ـ بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی سەردەشت

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک سەلام شەفیعی

کاک سەلام شەفیعی لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبدا کە لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢ لە بەغدا بەسترا، وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی، لە ڕێبەریی حیزبدا هەڵبژێردرا.


## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک ئیسماییل حاجی


کاک ئیسماییل حاجی خەڵکی سەردەشت، لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢ لە بەغدا گیرا، دەبێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی تا کۆنگرەی چوارەمی حیزب.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی دوکتور سادق شەرەفکەندی ( د. سەعید )





دوکتور سادق شەرەفکەندی ناسراو بە دوکتور سەعید، ساڵی ١٣١٦ لە گوندی تەرەغەی ناوەچەی بۆکان لە دایك بووە.

ساڵی ١٣٥٢ بۆتە ئەندامی حیزب

رادەی خوێندەواریی: دوکتورای شیمی تەجزیەی لە زانستگەی سووربۆنی پاریس وەرگرتووە و ساڵی ١٣٥٥ گەڕاوەتەوە ئێران و لە زانکۆی تاران دەرسی گوتوەتەوە.

پێش لە کۆنگرەی چوارەم بۆ ماوەیەك وەك موشاویری کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی چوارەمدا کە رۆژی ٣٠ی رێبەندانی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبو ٦ دەورە، بۆ ماوەی ١٣ ساڵ، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو دەفتەری سیاسی بووە، دوو دەورە جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بووەو ساڵی ١٣٦٨یش (دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو) بووە بە سکرتێری حیزبو تا کاتی شەهیدبوونی (رۆژی ٥ شەممە، ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١) ئەو بەرپرسایەتی‌یەی لە ئەستۆ بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی شەهید دوکتور سادق لەو ماوەیەدا بریتی بوون لە:

١ـ بەرپرسی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران

٢ـ بەرپرسی پێشمەرگەی کوردستان

٣ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی



٤ـ جێگری سکرتێری گشتیی حیزب

٥ـ سکرتێری گشتیی حیزب



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ مستەفا هیجری

هاوڕێ مستەفا هیجری کوڕی محەممەد ئەمین خەڵکی نەغەدە، ساڵی ١٣٢٤ لە نەغەدە لە دایك بووە.

رادەی خوێندەواری: لیسانسی زمانو ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی تاران

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ١٠ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی بووە:

١ـ ئەندامی دەفتەری سیاسی، لە کۆنگرەی ٤ تا کۆنگرەی ١٣ جگە لە یەك دەورە.

٢ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٥٨ تا ساڵی ١٣٨٤ بۆ ماوەی ٢٦ ساڵ کە ٢٥ ساڵی ئەندامی دەفتەری سیاسی بووە.

تێبینی: ساڵی ١٣٦٨ تا ساڵی ١٣٧١ جێگری سکرتێر بووە، لە ساڵی ٧١ەوە تا ساڵی ١٣٧٤ سکرتێری حیزب بووە. ساڵی ٧٤ تا ٧٩ دووبارە جێگری سکرتێر بووەو ساڵی ١٣٨٣ لە کۆنگرەی سێزدەدا بۆتە سکرتێری گشتیی حیزب.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ مستەفا لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران

٢ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵی

٣ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی

٤ـ بەرپرسی ناوەندی ئاژوان

٥ـ بەرپرسی پێوەندیی حیزب لە دەرەوەی وڵات

٦ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی


٧ـ جێگری سکرتێری گشتیی حیزب

٨ـ سکرتێری گشتیی حیزب



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ جەلیل گادانی

هاوڕێ جەلیل گادانی کوڕی ئەحمەد خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣١٢ لە شاری مەهاباد لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی زمانی فەرانسەوی

ساڵی ١٣٢٧ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ٧ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی دەفتەری سیاسی، ساڵی ١٣٥٨ تا ساڵی ١٣٦٤ بۆ ماوەی ٦ ساڵو لە ساڵی ١٣٧٦ تا ١٣٧٩ بۆ ماوەی ٣ ساڵ.

٢ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٥٨ تا ساڵی ١٣٦٦ بۆ ماوەی ٨ ساڵو ساڵی ١٣٧٦ تا ١٣٨٣ بۆ ماوەی ٧ ساڵ.

٣ـ ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٥٧ تا ساڵی ١٣٥٨ بۆ ماوەی ١ ساڵ.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ جەلیل لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی دەفتەری سیاسیی ژمارە ١

٢ـ بەرپرسی کۆمسیۆنی تەشکیلات

٣ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی

٤ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی بازرەسیی حیزب

٥ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵی

٦ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی ئامووزش

٧ـ بەرپرسی بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید سەرگورد حەبیبوڵڵا عەباسی



کاک سەرگورد حەبیبوڵڵا عەباسی، ساڵی ١٣١٦ لە مەهاباد لە دایک بووە.


ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی حقووق

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزب لە کۆنگرەی چواری حیزب کە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیراوە، دەبێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو ساڵی ١٣٥٩ (١٩٨٠) لە مەهاباد شەهید بوو. تا کاتی شەهیدبوونی بەرپرسی کاروباری پێشمەرگەی کوردستان بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ حەسەن شەرەفی




هاوڕێ حەسەن شەرەفی کوڕی محەممەدئەمین خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣٢٢ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی مێژووو جوغرافیا لە زانکۆی تاران

ساڵی ١٣٤٢ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١٠ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی دەفتەری سیاسی، ساڵی ١٣٦٢ تا ئێستا "١٣٨٤"، بۆ ماوەی ٢٢ ساڵ

٢ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٠ تا ئێستا "١٣٨٤"، بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ

٣ـ ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٥٨ تا ساڵی ١٣٦٠، بۆ ماوەی ٢ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ حەسەن شەرەفی لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی مەهاباد

٢ـ بەرپرسی دەبیرخانەی کومیتەی ناوەندی

٣ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵی

٤ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی ڕادیۆ

٥ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی


٦ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی

٧ـ جێگری سکرتێری گشتی لە ساڵی ١٣٨٣وە تا ئێستا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ حوسەین مەدەنی

هاوڕێ حوسەین مەدەنی کوڕی عەبدوڵڵا خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣١٧ لە مەهاباد لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی جوغرافیا لە زانکۆی تاران

ساڵی١٣٣٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٦ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی دەفتەری سیاسی، ١٣٧٩ تا ساڵی ١٣٨٣ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

٢ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٥٨ تا ١٣٦٦ بۆ ماوەی ٩ ساڵو لە ساڵی ١٣٧٦ تا ١٣٨٣ بۆ ماوەی ٧ ساڵ.

٣ـ ئەندامی موشاویر، ١٣٧٥ تا ساڵی ١٣٧٦ بۆ ماوەی ١ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ حوسەین مەدەنی لەو ماوەیەدا، بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی بۆکان

٢ـ بەرپرسی کومیتەی شنۆ

٣ـ بەرپرسی کومیتەی پیرانشار

٤ـ بەرپرسی دەبیرخانەی حیزب

٥ـ بەرپرسی ناوەندی سپی‌سەنگ

٦ـ بەرپرسی فێرگە

٧ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ مەلا حەسەن شیوەسەڵی




هاوڕێ مەلا حەسەن خەڵکی شێوەسڵی سەردەشت، لە کۆنگرەی ٤دا کە رۆژی ٣٠ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی ٥یشدا بۆتە ئەندامی موشاویری کومیتەی ناوەندی، کۆنگرەی ٧ دووبارە وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوەتەوەو لە کۆنگرەی سێزدەهەمیش دا وەك ئەندامی ئیفتیخاریی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە تا ئێستا.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ حەسەن لەو ماوەیەدا، بەرپرسایەتیی هێزی گیاڕەنگو هێزی پێشمەرگەی مەئموور لە شەڕەکانی شیمالو جنووبی کوردستان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید کەماڵ دەباغی



کاك کەماڵ دەباغی خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣٢٤ لە مەهاباد لە دایك بووە.


ڕادەی خوێندەواری: لیسانس

لە کۆنگرەی ٤دا کە لە ٣٠ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیراوە، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، هەروەها لە کۆنگرەی ٥یش دا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوەتەوەو بۆ ماوەی ٢ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ کەماڵ دەباغی لەو ماوەیەدا، بەرپرسی کومیتەی کرماشانو ئەندامی پێکهێنەری ناوەندی ئاژوان.

**ساڵی ١٣٦٤ لە زیندانی ڕێژیمدا ئیعدام کرا.**

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید ئەبووبەکر هیدایەتی



هاوڕێ ئەبوبەکر خەڵکی بۆکان، لە ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزب.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانس

لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا کە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو گرنگترین بەرپرسایەتییەکەی لەو ماوەیەدا بەرپرسی کومیتەی شارستانی بۆکانو ئەندامەتیی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب بووە.

**تێبینی: هاوڕێ ئەبووبەکر لە سوئێد بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کراوە.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک مستەفا شەڵماشی



کاک مستەفا شەڵماشی خەڵکی سەردەشت، لە ساڵی ١٣٣١ لە گوندی شەڵماش لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانس

ساڵی ١٣٤٩ بۆتە ئەندامی حیزب‌و لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کە ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد بەسترا، بووە بە ئەندامی کومتیەی ناوەندی‌و لە کۆنگرەی ٥و ٦یشدا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ، هەروەها لە یەکەمین پلینۆمی دوای کۆنگرەی ٤و ٥ی حیزبدا بۆتە ئەندامی دەفتەری سیاسی.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ شەڵماشی لەو ماوەیەدا، بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات

٢ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی

٣ـ نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات بۆ ماوەیەکی کورت

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک نەوید موعینی

کاک نەوید موعینی خەڵکی مەهاباد، لە کۆنگرەی ٤دا کە ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، بۆ ماوەی چەند مانگ بۆتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، پاشان لەگەڵ گرووهی ٧ کەسی دەکەوێ‌و لە حیزبدا نەما.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک فارۆق کەیخۆسرەوی

کاک فارۆق خەڵکی سەقز، لە کۆنگرەی ٤دا کە ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و پاش ٣ ـ ٤ مانگ لەگەڵ گرووهی ٧ کەسی کەوت، حیزبی بەجێ هێشت‌و چووە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک ئەحمەد عەزیزی

کاک ئەحمەد عەزیزی لە کۆنگرەی چوار کە لە ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و پاش چوار مانگ حیزبی بەجێ هێشت‌و دوایی لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمدا وەدوای ژیانی ئاسایی خۆی کەوت.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك ڕەحمان کەریمی

کاك ڕەحمان خەڵکی پیرانشار، لە کۆنگرەی ٤ کە ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو پاش ٤ مانگ وەك یەکێك لە ئەندامانی گرووهی ٧ کەسی لەگەڵ ڕێژیم کەوتو دواتریش کوژرا.



## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك جەهانگیر ئیسماعیلزادە

کاك جەهانگیر خەڵکی ورمێ، ڕادەی خوێندەواری، لیسانس. لە کۆنگرەی ٦ کە لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ لە گوندی گەلاڵەی ئوستانی سلێمانی (سنووری عێراق) گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو پاش ماوەیەك حیزبی بەجێ هێشتو وەدوای ژیانی شەخسی خۆی کەوت.



## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك سەلیم بابانزادە

کاك سەلیم بابانزادە کوڕی مەحیەدین خەڵکی بۆکان، لە ساڵی ١٣٥٢ بۆتە ئەندامی حیزب.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانس

لە کۆنگرەی ٤ کە ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، بووە بە موشاویری کومیتەی ناوەندی.

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی کاك سەلیم لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە: بەرپرسی کومیتەی بۆکان، بەرسی کومیتەی سەقزو ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلات.

کاك سەلیم تا کۆنگرەی ٧ لە حیزب دا بووەو پاشان بەهۆی برینداربوونی خێزانی لە بۆمبارانی گەورەدێ، چووە بۆ دەرەوەی وڵاتو ئێستا لەوێ دەژی.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی خوشکە فەوزیە قازی

فەوزیە قازی خەڵکی مەهاباد، لە کۆنگرەی ٤ی حیزب دا کە ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ٥٨ لە مەهاباد گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو پاش ٣ ـ ٤ مانگ حیزبی بەجێ هێشتو لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمدا مایەوەو دوای ژیانی خۆی کەوتووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک تەها عەتیقی




کاك تەها کوڕی سەعید خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣٢٧ لە مەهاباد دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی جوغرافیا

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی موشاویر (١٣٦٠ تا ١٣٦٢) لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.



گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ تەها، جێگری بەرپرسی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بووە.



## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک سەید حەسەن هاشمی

کاك سەید حەسەن خەڵکی مەهاباد، لە کۆنگرەی ٤دا کە ڕۆژی ٣٠ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد بەسترا، بووە بە موشاویری کومیتەی ناوەندیو هەروەها لە کۆنگرەی پێنجەمیشدا وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردریّ. لەو ماوەیەدا کاری ماڵیی کردوە.

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عەلی مێهرپەروەر

هاوڕێ عەلی مێهرپەروەر کوڕی ئەحمەد خەڵکی مەریوان، ساڵی ١٣٢٢ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی جوغرافیا

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ٩ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

١ـ ئەندامی دەفتەری سیاسی، ساڵی ١٣٦٦ تا ساڵی ١٣٨٤ بۆ ماوەی ١٨ ساڵ

٢ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٠ تا ساڵی ١٣٨٤ بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ عەلی مێهرپەروەر لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی مەریوان

٢ـ ئەندامی ناوەندی ئاژوان

٣ـ بەرپرسی ناوەندی ئاژوان

٤ـ جێگری کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی

٥ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی بازرەس

٦ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی

٧ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵی

٨ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی

٩ـ نوێنەری حیزب لە ئورووپا

١٠ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات

١١ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك حوسەین ئیبراهیمی


کاك حوسەین خەڵکی مەهاباد، ڕادەی خوێندەواری، لیسانس

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی ٤دا بووە بە موشاویری کومیتەی ناوەندیو پاش ماوەیەك بەهۆی نەخۆشی گەڕایەوە سەر ژیانی ئاساییو شەخسیی خۆی.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك عوسمان ئەسراری

کاك عوسمان ئەسراری خەڵکی بانە، لە کۆنگرەی ٤دا کە ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، بووە بە موشاویری کومیتەی ناوەندیو ماوەیەك بەرپرسی کومیتەی شارستانی دیواندەرە بووە، دواتر حیزبی بەجێ هێشتو گەڕایەوە سەر ژیانی ئاساییو شەخسیی خۆی.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك عەبدولڕەحمان کاژەیی





کاك عەبدولڕەحمان کوڕی حەسەن خەڵکی گوندی کاژەی سەردەشت، لە ساڵی ١٣٢٩ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: خوێندنی ئایینی لە حدوودی دیپلم

ساڵی ١٣٤٧ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ٢ دەورە وەك ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٥٨ تا ١٣٦٢ لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ مەلا ڕەحمان لەو ماوەیەدا، بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی حیزب بووە لە بەغدا.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک فەریدوون میتران



کاک فەریدوون خەڵکی پاوە، ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزب.


ڕادەی خوێندەواری: دیپلۆم

لە کۆنگرەی چوارەمدا کە ٣٠ ڕێبەندانی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، بووە بە مشاویری کومیتەی ناوەندیو لە ساڵی ١٣٦٣ بەولاوە چووە بۆ ئورووپاو دوای ژیانی ئاسایی خۆی کەوت.

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ فەریدوون لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

بەرپرسی کومیتەی حیزب لە نەوسوودو بەرپرسی کومیتەی کرماشانو ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلات بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید حەکیم ڕەزایی



کاک حەکیم کوڕی عەبدولحەمید خەڵکی پاوە، ساڵی ١٣٣٠ لە دایک بووە.

ڕادەی خوێندەواری: "فوق دیپلم"

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٤ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٠ تا ١٣٦٤ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

٢ـ ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٥٨ تا ساڵی ١٣٦٠ بۆ ماوەی ٢ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ حەکیم لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی هەورامان

٢ـ بەرپرسی مەڵبەندی ٢ی جنووبی کوردستان

**تێبینی: کاک حەکیم ڕەزایی لە ساڵی ١٣٦٥ لە شەڕ لەگەڵ ڕێژیم لە ناوچەی سەقز شەهید بوو.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید شاپوور فیرووزی



کاك شاپوور فیرووزی خەڵكی كامیاران، لە كۆنگرەی ٤ی حیزبدا كە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ گیراوە، بووە بە ئەندامی موشاویری كومیتەی ناوەندیو لە كۆنگرەی ٥ و ٧دا بووە بە ئەندامی جێگری كومیتەی ناوەندیو لە كۆنگرەی ١٦دا بە ئەندامی كومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ.

گرنگترین بەرپرسایەتیی كاك شاپوور لەو ماوەیەدا، فەرماندەی هێزی بێستوونو بەپرسی كومیتەی كرماشان بووە.

**تێبینی: لە دۆڵەرەقەی كوردستانی عێراق شەهید بووە.**

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید تەها حەقتەلەب



كاك تەها حەقتەلەب خەڵكی مەهاباد، ساڵی ١٣٢٠ لە دایك بووە

ڕادەی خوێندەواری: لیسانس

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لە كۆنگرەی ٤دا وەك موشاویری كومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێو ساڵی ١٣٦٤ لەلایەن ڕێژیمەوە لە زینداندا ئێعدام كرا.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک عەزیز مامڵێ

کاک عەزیز خەڵکی مەهاباد، ڕادەی خوێندەواری، لیسانسی حقووق

لە کۆنگرەی ٥ی حیزبدا کە ڕۆژی ١١ی سەرماوەزی ١٣٦٠ لە "شیوەجۆ"ی ڕەبەت گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو تا پێش کۆنگرەی ٦ لە حیزبدا بووەو دواتر لە ئورووپا بۆ ژیانی شەخسی نیشتەجێ بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی کاک عەزیز نوێنەرایەتیی حیزب لە فەرانسە بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ سەید عەلی ڕەحمانی





هاوڕێ سەید عەلی ڕەحمانی کوڕی ئەحمەد خەڵکی سنە، ساڵی ١٣١٤ لە دایک بووە.

ڕادەی خوێندەواری: سیکل

ساڵی ١٣٣٢ بۆتە ئەندامی حیزبو لە یەکەمین پلینۆمی دوای کۆنگرەی چوارەمی حیزب کە لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، بووە بە موشاویری کومیتەی ناوەندی.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ سەید عەلی لەو ماوەیەدا، بەرپرسی کومیتە سنە بووە.



## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک قادر عەبدی


کاک قادر عەبدی، ڕادەی خوێندەواری، لیسانس


ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی چوارەمدا کە ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ فەتاح کاویان





هاوڕێ فەتاح کاویان کوڕی محەممەد خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣١٥ لە مەهاباد لە دایک بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی زمانی ئینگلیسی

ساڵی ١٣٣٦ بۆتە ئەندامی حیزب و بەگشتی لەم ماوەیەدا ٥ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی دەفتەری سیاسی، لە ساڵی ١٣٦٠ تا ساڵی ١٣٦٢ بۆ ماوەی ٢ ساڵ

٢ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، لە ساڵی ١٣٦٢ تا ساڵی ١٣٦٦ بۆ ماوەی ٤ ساڵ و لە ساڵی ١٣٧٦ تا ١٣٨٣ بۆ ماوەی ٨ ساڵ.

هەروەها گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ فەتاح کاویان لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی

٢ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" و گۆڤاری "تیشک"

# کورتەی ژیانی سیاسیی کاک ڕەحمان حاجی ئەحمەدی

کاک ڕەحمان ماوەیەک پاش کۆنگرەی چوارەم کە لە ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، لەلایەن کومیتەی ناوەندی‌یەوە کرا بە موشاویر، بەڵام پاش چەند مانگ ڕۆیشت بۆ ئورووپا و وەدوای ژیانی شەخسی خۆی کەوت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک تەیفوور بە تحایی

کاک تەیفوور خەڵکی سنە، لیسانسی سینەما، ساڵی ٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی ٥دا کە ١١ی سەرماوەزی ١٣٦٠ لە "شیوەجۆ"ی ڕەبەت گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو دوای کۆنگرە (ساڵی ٦٣) حیزبی بەجێ هێشتووەو چووەتە ئورووپاو لەوێ دەژی.



## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک موهەندیس ئاریا

کاک موهەندیس ئاریا، لە کۆنگرەی ٥ی حیزب دا کە ڕۆژی ١١ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٠ لە "شیوەجۆ"ی ڕەبەت گیراوە، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو دواتر بۆ ژیانی شەخسی لە ئورووپا نیشتەجێ بووە.


## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک ڕەحیم محەممەدزادە

کاک ڕەحیم خەڵکی مەهاباد، لە کۆنگرەی ٥دا کە ١١ی سەرماوەزی ١٣٦٠ لە شیوەجۆی ڕەبەت بەڕێوەچووە، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو هەروەها لە کۆنگرەی ٦یش بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی. لە کۆنگرەی ٧یشدا وەك موشاویری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوەو بۆ ماوەی ٣ دەورە لە ڕێبەریی حیزبدا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی کاک ڕەحیم لەو ماوەیەدا بریتیبووە لە:

١ـ بەرپرس کومیتەی شنۆ

٢ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلات



## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید نەبی قادری

کاک نەبی قادری خەڵکی شنۆ، ڕادەی خوێندەواری: لیسانس

لە کۆنگرەی ٥دا کە ١١ سەرماوەزی ١٣٦٠ لە گوندی "شیوەجۆ"ی ڕەبەت گیراوە، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو هەروەها لە کۆنگرەی ٦و ٧دا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوەتەوەو ٣ دەورە لە ڕێبەری حیزبدا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی کاک نەبی قادری لەو ماوەیەدا بریتی بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی هەورامان

٢ـ بەرپرسی ناوەندی ئاژوان

٣ـ بەرپرسی کومیتەی شنۆ


**تێبینی: کاک نەبی قادری ساڵی ١٣٧٥ لە وڵاتی دانمارك بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید عەبدوڵڵا بەهرامی





کاك عەبدوڵڵا بەهرامی کوڕی ڕۆستەم، خەڵکی پاوە، ساڵی ١٣٢٨ لە پاوە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: "تکنسین کشاورزی"

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٢ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە، وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٠ تا ساڵی ١٣٦٤ بۆ ماوەی ٤ ساڵ.

هەروەها گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی کاك عەبدوڵڵا بەهرامی لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەریوان

٢ـ ئەندامی ناوەندی ئاژوان

٣ـ بەرپرسیماڵیی ناوەندی ئاژوان

**تێبینی: ٢٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٣ لە ناوچەی دیواندەرە شەهید بووە.**

## کورتەی ژیانی سیاسیی خوشکە زوبەیدە تالب پوور

خوشکە زوبەیدە خەڵکی مەهاباد، لە کۆنگرەی ٤ی حیزبدا کە ساڵی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، بووە بە موشاویری کومیتەی ناوەندیو پاش چوار مانگ حیزبی بەجێ هێشتووەو گەڕاوەتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی.

## کورتەی ژیانی شەهید ئەحمەد جاویدفەڕ (هەژار)



کاك ئەحمەد کوڕی محەممەد خەڵکی شارویرانی مەهاباد، ساڵی ١٣٣٠ لە مەهاباد لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانس لە زانکۆی ئەفسەریی تاران


ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ساڵی ١٣٦٠، یەك (١) دەورە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بووە. ٢ ڕۆژ دوای کۆنگرەی ٥ شەهید بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ هەژار لەو ماوەیەدا، فەماندەریی هێزی پێشەوا بووە.

**تێبینی: ڕێکەوتی ٦٠/٩/١٣ لە شەڕی ڕێگای سەردەشت ـ بانە شەهید بووە.**

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك سەعید کوێستانی





کاك سەعید کوێستانی خەڵکی نەغەدە، لە کۆنگرەی ٥دا کە ١١ی سەرماوەزی ١٣٦٠ لە گوندی "شیوەجۆ"ی ڕەبەت گیراوە، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو بۆ ماوەی یەك دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

لەو ماوەیەدا بەرپرسی کومیتەی شارستانی سەردەشت بووەو دوایی چووە بۆ ئورووپا.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك دوکتور حوسەین خەلیقی



کاك دوکتور حوسەین خەلیقی کوڕی حەسەن، لە دایکبووی ١٣١٥ی هەتاویو خەڵکی شاری سنە.

ڕادەی خوێندەواری: دوکتورای فەلسەفە

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی ٦دا کە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ لە "گەلاڵە"ی سەر بە ئوستانی سلێمانی (کوردستانی عێراق) گیرا، بووەتە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو هەروەها لە کۆنگرەی ٧، ٨و ٩یش وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێراوە.

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی کاك دوکتور خەلیقی لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەلایەتی


٢ـ بەرپرسی فێرگەی سیاسیی نیزامی

٣ـ بەرپرسی بەشی ئامووزشیی کەلاسی کادرەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید عەلی کاشفپوور



کاک عەلی کاشفپوور خەڵکی ورمێ، لە کۆنگرەی پێنجەمدا کە ڕۆژی ١١ی سەرماوەز لە گوندی "شیوەجۆ"ی ڕەبەت لە ساڵی ١٣٦٠ گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو هەروەها لە کۆنگرەی ٦و ٧یشدا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوەتەوە.

**تێبینی: پاش ئەوەی لە ریزی حیزبدا نەما، لە ساڵی ١٣٦٩ لەلایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە تورکیە تیرۆر کرا.**

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید سەرگورد کەریم عەلیار




کاك کەریم عەلیار خەڵکی بۆکان، رادەی خوێندەواری: لیسانسی حقووق (دانشکدەی افسری) لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا کە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ لە "گەڵاڵە"ی سەر بە ئوستانی سلێمانی گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ کەریم عەلیار لەو ماوەیەدا، بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە بووە.

**تێبینی: ساڵی ١٣٦٤ لە ناوچەی بانە شەهید بووە.**

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ محەممەدنەزیف قادری





هاوڕێ محەممەدنەزیف قادری، کوڕی ئیبراهیم خەڵکی باینگان، ساڵی ١٣٣٥ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: خوێندکار

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٧ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی دەفتەری سیاسی، ساڵی ١٣٨٣ تا ئێستا بۆ ماوەی ٢ ساڵ

٢ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٦ تا ئێستا بۆ ماوەی ١٨ ساڵ

٣ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٤ تا ١٣٦٦ بۆ ماوەی ٢ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ محەممەد نەزیف لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی دالاهۆی حیزب

٢ـ بەرپرسی مەڵبەندی ٢ی کوردستان

٣ـ بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە سلێمانی

٤ـ بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە هەولێر

٥ـ نوێنەری حیزب لە بەغدا

٦ـ بەرپرسی ناوەندی ١ی کوردستان

٧ـ کارگێڕی دەفتەری سیاسی (بەرپرسی سکرتاریا)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید ڕەحیم بەغدادی



کاک ڕەحیم بەغدادی کوڕی سەیفوڵڵا خەڵکی شاری سنەو لە دایکبووی ١٣١٥،

ڕادەی خوێندەواری: موهەندیسی ڕێگاوبان.

ساڵی ١٣٣٢ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی پێنجەمدا کە ڕۆژی ١١ی سەرماوەزی ١٣٦٠ لە "شیوەجۆ"ی ڕەبەت بەڕێوە چووە، وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێو ١ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی کاك ڕەحیم بەغدادی لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:


١ـ بەرپرسی کومیتەی سنە

٢ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلات

٣ـ ئەندامی ناوەندی ئاژوان

**تێبینی: کاك ڕەحیم ساڵی ١٣٦٦ بەهۆی کارەساتێك شەهید بوو.**

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك تاهیر عەلیار



کاك تاهیر عەلیار خەڵکی بۆکان، ڕادەی خوێندەواری: لیسانس

لە کۆنگرەی پێنجەمدا کە ڕۆژی ١١ی سەرماوەزی ١٣٦٠ بەسترا، بووە بە جێگری کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی شەشدا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.


گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی کاك تاهیر لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلات

٢ـ ئەندامی ناوەندی ئاژوان لە جنووبی کوردستان

٣ـ بەرپرسی کومیتەی بۆکان


## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک غەنی غەنی پوور



کاک غەنی غەنیپوور خەڵکی ورمێ، لە کۆنگرەی ٥دا کە ١١ی سەرماوەزی ١٣٦٠ لە "شیوەجۆ" ڕەبەت بەڕێوەچووە، وەك جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ. دواتر حیزبی بەجی هێشتو دوای ژیانی ئاسایی خۆی کەوت.

گرنگترین بەرپرسایەتیی کاك غەنی غەنیپوور لەو ماوەیەدا، فەرماندەریی هێزی زاگرۆس بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک بێهرووز کوردئەحمەدی





کاك بێهرووز خەڵکی شاری سنە، ڕادەی خوێندەواری: دیپلۆم

ساڵی ٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی ٥ی حیزب دا کە ڕۆژی ١١ی سەرماوەزی ١٣٦٠ لە شیوەجۆ بەسترا، وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندیو بەدوای شەهیدبوونی هاوڕێ ئەحمەد جاویدفەڕ (هەژار)دا بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو ساڵی ٦٤ بەولاوە دوای ژیانی ئاسایی خۆی کەوتوە.

لەو ماوەیەدا ئەندامی کۆمیسیۆنی ڕادیۆ دەنگی کوردستان بووە.

# کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید غەفوور هەمزەیی





کاك غەفوور خەڵکی بانە، ساڵی ١٣٢٣ دا دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانس

لە کۆنگرەی ٥ی حیزبدا کە ڕۆژی ١١ی سەرماوەزی ١٣٦٠ لە شیوەجۆی سەردەشت بەڕێوەچووە، بووە بە موشاویری کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی ٦دا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ.

هەروەها لە کۆنگرەی ٧ی وەك موشاویرو لە کۆنگرەی ٨یشدا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ.


گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی کاك غەفوور لەو ماوەیدا، بەرپرسایەتیی کۆمیتەی بانە، بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی حیزب لە سلێمانیو بەرپرسی نوێنەرایەتیی حیزب لە بەغدا بووە.

**ساڵی ١٣٧٣ لە بەغدا شەهید کرا.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید هومایون ئەردەڵان



کاك هومایوون کوڕی موزەفەر السەڵتەنەی ئەردەڵان خەڵکی سەقز.

ڕادەی خوێندەواری: خوێندکار

ساڵی **١٣٥٧** بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەداو دوو دەورە لە ڕێبەریی حیزبدا بووە. لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبدا کە ڕۆژی **١١**ی سەرماوەزی **١٣٦٠** لە شیوەجۆی ڕەبەت گیراوە، وەك ئەندامی موشاویری کومیتەی ناوەندی دیاری کرا. لە کۆنگرەی ٦یشدا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێو پاشان چووەتە ئورووپاو، **ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ لەگەڵ دوکتور سادق شەرەفکەندی لە ئاڵمان شەهید دەبێ.**

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی شەهید هومایون لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:


١ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلات

**٢ـ** بەرپرسی کومیتەی سنەو ئەندامی ناوەندی ئاژوان

**٣ـ** بەرپرسی کومیتەی سەقز

# کورتەی ژیانی سیاسیی کاک جەعفەری حامێدی





کاک جەعفەر کوڕی مەجید خەڵکی بۆکان، ساڵی ١٣٣٣ لە بۆکان لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: ئۆستادی زانستی کشتوکاڵ

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٤ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١- ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٤ تا ساڵی ١٣٧٠

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٢ تا ساڵی ١٣٦٤

٣ـ ئەندامی مومشاویر، ساڵی ١٣٦٠ تا ٦٢

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ جەعفەر لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلات

٢ـ بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی ناوەندی ئاژوان

٣ـ بەرپرسی کومیتەی ورمێ

٤ـ بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٥ـ بەرپرسی سکرتاریا

٦ـ بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە سلێمانی

٧ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک عەزیز لەحیمی

کاک عەزیز خەڵکی سنە، لە کۆنگرەی ٥ی حیزب دا کە ڕۆژی ۱۱ی سەرماوەزی ساڵی ۱۳٦۰ کە لە "شیوەجۆ"ی ڕەبەت گیرا، بووە بە موشاویری کومیتەی ناوەندیو پاش کۆنگرەی ٥ چووە بۆ ئورووپاو ساڵی ۱۳۸۲ لەوێ کۆچی دوایی کردوە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک عەزیم ئەفسەر

کاک عەزیم، ساڵی ۱۳۳٤ لە دایک بووە.

ڕادەی خوێندەواری: "فوق دیپلم"


ساڵی ۱۳٥۸ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ۱ دەورە وەك ئەندامی موشاویر (۱۳٦۰ تا ۱۳٦۲) لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ عەزم لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

۱ـ بەرپرسی یەکیەتیی لاوان

۲ـ بەرپرسی کومیتەی بۆکان


## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک ئەبووبەکرراد



کاک ئەبووبەکر راد خەڵکی سەردەشت، لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا کە ڕۆژی ۲ی ڕێبەندانی ۱۳٦۲ لە "گەڵاڵە"ی ئوستانی سلێمانی (کوردستانی عێراق) گیرا، بووە بە جێگری کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی ۷یشدا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ.

گرنگترین بەرپرسایەتیی لەو ماوەیەدا بریتی بووە لە ئەندامەتیی کۆمیسیۆنی تەشکیلات.

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عەبدولڕەحمان ڕەحیمی (ناسراو بە چەکۆ)





هاوڕێ چەکۆ کوڕی محەممەد ئەمین خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣٣٣ لە مەهاباد دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی زانستە مرۆییەکان

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٨ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٠ تا ساڵی ١٣٨٤ بۆ ماوەی ١٢ ساڵ (ساڵی ١٣٧٤ تا ساڵی ١٣٧٦ موشاویر بووە)

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٢ تا ١٣٦٩ بۆ ماوەی ٧ ساڵ

٣ـ ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٧٤ تا ١٣٧٦ بۆ ماوەی ٢ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ چەکۆ لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ بەرپرسی بەشی نیزامیی فێرگە


٢ـ بەرپرسی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی

٣ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە

٤ـ بەرپرسی کومیتەی ئەمنییەت

# کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید فەتاح عەبدولی





کاک فەتاح عەبدولی خەڵکی نەغەدە، ساڵی ١٣٤٠ لە نەغەدە لە دایک بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دواناوەندی

ساڵی ١٣٥٩ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی ٧ی حیزبدا کە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ لە گەلاڵەی ئوستانی سلێمانی گیرا، بووە بە ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی ٧یشدا بووە بە ئەندانی کومیتەی ناوەندی.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی کاک فەتاح لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی سنەو ئەندامی ناوەندی ئاژوان


٢ـ بەرپرسی مەڵبەندی ١

٣ـ بەرپرسی کومیتەی سەردەشت

٤ـ نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات (ئورووپا)

**تێبینی: ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ لەگەڵ دوکتور سادق شەرەفکەندیو هومایون ئەردەڵان لە ئاڵمان شەهید کراوە.**

# کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید سدیق فەرۆخیان



کاك سدیق فەرۆخیان کوڕی عەبدولکەریم خەڵکی سەقز، ساڵی ١٣٣٣ لە گوندی کێسەڵانی فەیزۆڵڵابەگی سەقز لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: ٢ی ناوەندی

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بەگشتی لەم ماوەیەدا ١ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە، وەك جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٢ تا ١٣٦٤.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی کاك سدیق فەرۆخیان لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی سەقز

٢ـ بەرپرسی کومیتەی هەوشار

٣ـ ئەندامی ناوەندی ئاژوان

تێبینی: ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٤ لە سپی‌کانی شلێر شەهید بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک موراد قادری

کاک موراد قادری ساڵی ١٣٢٦ لە گوندی سوفیان لە دایك بووە.






ڕادەی خوێندەواری: "فوق دیپلم علوم تجربی"

ساڵی ١٣٤١ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە (لە کۆنگرەی شەشدا کە لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ لە گەلاڵەی سنووری ئوستانی سلێمانی (کوردستانی عێراق) گیرا، وەك جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک سدیق بابایی




کاك سدیق خەڵکی پاوە، ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزب.

ڕادەی خوێندەواری: دیپلۆم

لە کۆنگرەی شەشەمدا وەك ئەندامی موشاویرو لە کۆنگرەی حەوتەمدا کە ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٤ گیراوە، وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ.

گرنگترین بەرپرسایەتیی کاك سدیق لەو ماوەیەدا، بەرپرسایەتیی کومیتەی شارستانی مەهابادو کرماشان بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک عەبدوڵڵا عێزەتپوور



کاک عەبدوڵڵا عێزەتپوور خەڵکی ورمێ، لە یەکەمین پلینۆمی پاش کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا کە ڕۆژ ۲ی ڕێبەندانی ۱۳٦۲ لە "گەلاڵە"ی سەر بە ئوستانی سلێمانی (کوردستانی عێراق) گیراوە، وەك موشاویر دیاری کراو لە کۆنگرەی حەوتەمیشدا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ.


گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی کاک عەبدوڵڵا عێزەتپوور لەو ماوەیەدا، بریتی‌بوون لە:

۱ـ بەرپرسی کومیتەی ورمێ

۲ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی

۳ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلات

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک حەسەن ئەیوبزادە ( مامۆستا گۆران )



مامۆستا گۆران خەڵکی بۆکان، ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی حقووق (قەزایی) ساڵی ٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی شەشەمدا بۆتە مشاویری کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی ۷یشدا کە ڕۆژی ۲٦ی سەرماوەزی ساڵی ۱۳٦٤ لە "کانی‌مێو"ی گەورەدێ لە ئوستانی سلێمانیی کوردستانی عێراق گیرا، مامۆستا گۆران بووە بە جێگری کومیتەی ناوەندی.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی بریتی‌بوون لە: ئەندامەتیی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیو بەرپرسایەتیی بەشی قەزایی حیزب



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید عەبدوڵڵا قادری




کاك عەبدوڵڵا قادری خەڵکی نەغەدە، ساڵی ١٣٣١ لە دایك بووە.

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی حەوتەمدا کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٤ گیرا، وەك ئەندامی موشاویرو لە کۆنگرەی ٨یش دا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ.

گرنگترین بەرپرسایەتیی شەهید عەبدوڵڵا قادری لەو ماوەیەدا، نوێنەرایەتیی حیزب بووە لە بەغداو لە دەرەوەی وڵات (ئورووپا).

**ساڵی ١٣٦٨ لە ڤیەنی ئۆتریش، لەگەڵ ڕێبەری گەورە دوکتور قاسملوو، بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا.**

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ سەلام عەزیزی



کاك سەلام عەزیزی خەڵکی بۆکان، ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزب.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی حقووقی قەزایی

لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبدا کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ لە گوندی "کانیمێو" لە لای گەورەدێی سنووری عێراق‌و ئێران بەسترا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی.

هەروەها لە کۆنگرەکانی ٨، ٩، ١٠و ١١دا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ‌و لە کۆنگرەی ٨، ٩، ١٠و ١١شدا تا کاتی کۆچیدوایی، ئەندامی دەفتەری سیاسی بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ سەلام عەزیزی لەو ماوەیەدا، بریتیبوون لە:

١ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی

٢ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵی

٣ـ نوێنەری حیزب لە بەغدا

٤ـ بەرپرسی فێرگەی سیاسی نیزامی


٥ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی


**تێبینی: پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ بەهۆی نەخۆشیی دڵ، لە بەغدا پایتەختی عێراق کۆچی دوایی کرد.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی





هاوڕێ عوسمان کوڕی محەممەد سالەح خەڵکی بانە، ساڵی ١٣٣٥ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: خوێندکاری ساڵی چوارەمی زانکۆی تاران

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزب‌و لەم ماوەیەدا ٣ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی ساڵی ١٣٦٤ تا ساڵی ٦٦و، ساڵی ١٣٧٦ تا ساڵی ١٣٨٣، لەسەر یەك بۆ ماوەی ١٠ ساڵ.

٢ـ ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٧٥ تا ساڵی ١٣٧٦

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی لەم ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:


١ـ بەرپرسی کومیتەی بانە

٢ـ جێگری کۆمیسیۆنی ڕادیۆ

٣ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی ڕادیۆ

٤ـ بەرپرسی سکرتاریا

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک ئیرەج قادری



کاك ئیرەج خەڵکی شنۆ

ڕادەی خوێندەواری: لیسانس

ساڵی ٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی حەوتەم کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ گیراوە، وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێو ١ دەورە لە ڕێبەریی حیزبدا بووە.

لەو ماوەیەدا ئەندامی کۆمیسیۆنی پێشمەرگەو ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک عیسمەت عەبدی

کاك عیسمەت خەڵکی ورمێ، ساڵی ١٣٦٤ لە کۆنگرەی ٧دا بۆتە ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی.

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید سەعدوون عەباسی



کاك سەعدوون عەباسی لە کۆنگرەی ٧دا کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٤ لە گوندی "کانیمێو"ی گەورەدێی ئوستانی سلێمانی ـ کوردستانی عێراق ـ گیرا، بووە بە جێگری کومیتەی ناوەندیو پاش کۆنگرەی ٧ حیزب لە حیزبدا نەماو لە کوردستانی عێراق بەدەستی عەوامیلی ڕێژیم شەهید کرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ کەماڵ کەریمی

هاوڕێ کەماڵ کوڕی محەممەد خەڵکی بانە، ساڵی ١٣٣٥ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: "فوق دیپلم"

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٤ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٦ تا ١٣٨٤ بۆ ماوەی ٩ ساڵ

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٤ تا ساڵی ١٣٦٦ بۆ ماوەی ٢ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ کەماڵ لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ ئەندامەتیی کۆمیسیۆنی تەشکیلات

٢ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی ڕەبەت

٣ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"


٤ـ بەرپرسی ناوەندی ٣

٥ـ بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە هەولێر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک مەحموود دەشتی



کاک مەحموود دەشتی خەڵکی ورمێ، ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی ٧دا کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ٦٤ گیرا، بووە بە جێگری کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەکانی ٨و ٩ش دا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ مەحموود لەو ماوەیەدا، بریتی بووە لە: بەرپرسایەتیی کومیتەی ورمێو کومیتەی ڕەبەت.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک برایم ساڵحی‌راد (لاجانی)

کاک برایم کوڕی ساڵح خەڵکی پیرانشار، ساڵی ١٣٣٨ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: خوێندکار

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٣ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٦ تا ١٣٧٠و (١٣٧١ تا ٧٤) بۆ ماوەی ٨ ساڵ

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٤ تا ساڵی ١٣٦٦

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی کاک برایم لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:



١ـ جێگری بەرپرسی مەڵبەندی سپی‌سەنگ

٢ـ بەرپرسی مەڵبەندی سپی‌سەنگ

٣ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی

٤ـ جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی ڕادیۆ

٥ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی

٦ـ بەڕێوەبەری نێوخۆی ڕادیۆ

٧ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران

٨ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک شاپوور شوجاعی

کاک شاپوور لە پلینۆمی دوای کۆنگرەی ٧ کە لە ٢٦ی سەرماوەز ساڵی ١٣٦٤ لە گوندی "کانیمێو"ی ئوستانی سلێمانی لەسەر سنووری عێراق گیرا، بووە بە موشاویری کومیتەی ناوەندی. پاشان حیزبی بەجی هێشتو وەدوای ژیانی شەخسی خۆی کەوت.

## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید عەبدوڵڵا شەریفی



کاک عەبدوڵڵا شەریفی کوڕی عەبدولکەریم خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣٤١ لە گوندی "شارەزوور"ی گەوڕکی مەهاباد لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: خوێندکاری ساڵی دووهەمی ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی تەورێز

ساڵی ١٣٥٩ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی حەوتەم کە لە ساڵی ٦٤ گیرا، بووە بە موشاویری کومیتەی ناوەندیو هەروەها بۆ ماوەی ٧ ساڵ (ساڵی ١٣٦٦ تا ساڵی ١٣٧٣) ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی شەهید عەبدوڵڵا شەریفی لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:


١ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی مەهاباد

٢ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"

٣ـ بەرپرسی خەدەمات

**تێبینی: ڕۆژی ٦ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٣ لە ناوچەی مەهاباد لەشەڕ لەگەڵ ڕێژیمدا شەهید کرا.**

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک عومەر شەریفزادە





کاک عومەر لە ساڵی ١٣٥٧دا بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی حەوتەم کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٤ لە گوندی "کانیمێو" سەر بە ئوستانی سلێمانی لە کوردستانی عێراق گیرا، بووە بە موشاویری کومیتەی ناوەندیو لە ساڵی ٦٦ ـ ٦٧دا چووە بۆ ئورووپاو وەدوای ژیانی شەخسی خۆی کەوتوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید مەنسوور فەتاحی





کاک مەنسوور فەتاحی کوڕی ڕەشید، خەڵکی گوندی "کەڕاوە"ی مەریوان، ساڵی ١٣٣٥ لە دایک بووە.

لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبدا کە ڕۆژی ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ لە سلێمانی گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی ٩شدا دووبارە وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ مەنسوور فەتاحی لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ بەرپرسی مەڵبەندی ١ی جنووبی کوردستان

٢ـ فەرماندەری هێزی زاگرۆس

٣ـ جێگری کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی


هەروەها ماوەیەکیش ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی بووە.

**کاک مەنسوور فەتاحی ڕۆژی ١٧ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٦ لە نزیك شارۆچکەی دوکان لە کوردستانی عێراق شەهید کرا.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ تەیموور مستەفایی

هاوڕێ تەیموور مستەفایی کوڕی غەفوور خەڵکی پاوە، ساڵی ١٣٣٤ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دیپلۆم

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بەگشتی لەم ماوەیەدا ٦ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

١ـ ئەندامی دەفتەری سیاسیی، لە ساڵی ١٣٨٤ تا ئێستا

٢ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، لە ساڵی ١٣٦٦ تا ساڵی ١٣٨٤ بۆ ماوەی ١٤ ساڵ

٣ـ ئەندامی موشاویر، لە ساڵی ١٣٧٠ تا ساڵی ١٣٧٤ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

هەروەها گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ تەیموور لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی شنۆ

٢ـ بەرپرسی مەڵبەندی شیماڵ

٣ـ جێگری کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی

٤ـ بەرپرسی کومیتەی ئامووزش

٥ـ بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر

٦ـ جێگری کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی

٧ـ بەرپرسی ناوەندی ١

٨ـ بەرپرسی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ سەید ڕەزا دروودگەر




هاوڕێ سەید ڕەزا کوڕی سەید عەبدوڵڵا خەڵکی پاوە، ساڵی ١٣٢٦ لە کرماشان لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: "فوق دیپلم حسابداری"

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٦ دەورەو بۆ ماوەی ١٨ ساڵ ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٦ تا ١٣٧٠، بۆ ماوەی ٤ ساڵو لە ساڵی ١٣٧٩ەوە تا ئێستا بۆ ماوەی ٥ ساڵ (لەسەر یەك ٩ ساڵ)

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٦ تا ساڵی ١٣٧٩، بۆ ماوەی ٣ ساڵ

٣ـ ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٧٠ تا ساڵی ١٣٧٦، بۆ ماوەی ٦ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ سەید ڕەزا لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی

٢ـ جێگری کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیو بەرپرسی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب

٣ـ بەرپرسی کومیتەی هەورامان

٤ـ بەرپرسی مەڵبەندی سپی‌سەنگ (پیرانشارو نەغەدە)

٥ـ بەرپرسی حیسابداریو لێکۆڵینەوەی بازرەسیی حیزب لە کۆمیسیۆنی ماڵی

٦ـ بەرپرسی حیسابداریو ماڵیی حیزب


٧ـ جێگری کۆمیسیۆنی ماڵیو بەرپرسی حیسابداری

٨ـ جێگری کومیتەی ئەمنییەتو بەرپرسی بەشی نێوخۆیی کومیتەی ئەمنییەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ مستەفا مەولوودی



هاوڕێ مستەفا مەولوودی کوڕی جەلیل خەڵکی ئاوایی "ماسوێ"و لە دایکبووی ئاوایی "کوسە کەریز"ی مەهاباد، ساڵی ١٣٣٧ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دیپلۆم

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و بەگشتی لەم ماوەیەدا ٦ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

١ـ ئەندامی دەفتەری سیاسی، ساڵی ١٣٧٩ تا ساڵی ١٣٨٤ بۆ ماوەی ٥ ساڵ

٢ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٦ تا ساڵی ١٣٧٩ بۆ ماوەی ٩ ساڵ

٣ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٦ تا ساڵی ١٣٧٠ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

هەروەها گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ مستەفا مەولوودی لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی ڕەبەت

٢ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی مەهاباد


٣ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی سەردەشت


٤ـ جێگری کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی

٥ـ بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە هەولێر

٦ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵی

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ حەسەن قادرزادە





هاوڕێ حەسەن کوڕی محەممەد ئەمین خەڵکی نستانی سەردەشت، ساڵی ١٣٤٠ لە دایك بووە.

رادەی خوێندەواری: خوێندکاری ساڵی سێهەمی حقووقی سیاسی

ساڵی ١٣٥٩ بۆتە ئەندامی حیزب‌و بەگشتی لەم ماوەیەدا ٥ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٤ تا ساڵی ١٣٨٤ بۆ ماوەی ١٠ ساڵ

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٠ تا ساڵی ١٣٧٤ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ حەسەن قادرزادە لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی بانە

٢ـ بەرپرسی کومیتەی رەبەت

٣ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی سەردەشت

٤ـ جێگری کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی‌و بەرپرسی بەشی تەشکیلات

٥ـ بەرپرسی ناوەندی ٢

٦ـ بەرپرسی فێرگە

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ محەممەد عەلی عەنایەتی




هاوڕێ محەممەد عەلی، کوڕی فەیزوڵڵا خەڵکی ئاوایی "گەزنە"ی سنە، ساڵی ١٣٣٤ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دیپلۆم

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٥ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٠ تا ساڵی ١٣٧٩ بۆ ماوەی ٩ ساڵ

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٦ تا ١٣٧٠ (ساڵی ١٣٧٩ تا ١٣٨٠) بۆ ماوەی ٥ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ محەممەد عەلی لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی سنە

٢ـ بەرپرسی مەڵبەندی ١ی کوردستان

٣ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی


٤ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"

٥ـ جێگری کۆمیسیۆنی ڕادیۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عومەر باڵەکی

هاوڕێ عومەر باڵەکی کوڕی ساڵەح خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣٣٨ لە دایک بووە.

ڕادەی خوێندەواری: خوێندکاری زانستگە

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ٥ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، لە ساڵی ١٣٧٤ تا ساڵی ١٣٧٦ بۆ ماوەی ٣ ساڵو لە ساڵی ١٣٧٩ تا ٨٤ بۆ ماوەی ٥ ساڵ.

٢ـ ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٧٠ تا ١٣٧٤ بۆ ماوەی ٣ ساڵ.

٣ـ جێگری کومیتەی ناوەندی لە ساڵی ١٣٧٦ تا ١٣٧٩ بۆ ماوەی ٣ ساڵ.

هەروەها گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ عومەر لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومتیەی شارستانی مەهاباد

٢ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی بۆکان

٣ـ بەرپرسی بەشی پێشمەرگە لە سیاسی ـ نیزامی

٤ـ بەرپرسی بەشی خەدەمات


٥ـ بەرپرسی فێرگە

٦ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی "ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عەبدولقاسم حوسەینی ( ناسراو بە شاهۆ )




هاوڕێ شاهۆ حوسەینی کوڕی سەید نیزامەدین خەڵکی پاوە، ساڵی ١٣٢٩ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی حقووق

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٤ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٠ تا ١٣٧٤ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

٢ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٦ تا ساڵی ١٣٧٩و ٨٤ تا ئێستا

٣ـ ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٦٦ تا ساڵی ١٣٧٠، بۆ ماوەی ٤ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ شاهۆ لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی بەشی پێشمەرگەی سیاسی نیزامی

٢ـ ئەندامی کومیسیۆنی سیاسی نیزامی

٣ـ بەرپرسی کومیتەی ئەمنییەت

٤ـ ئەندامی کۆمسیۆنی پێشمەرگە


٥ـ بەرپرسی دەفتەری حیزب لە پاریس

٦ـ نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ کاوە بەهرامی

هاوڕێ کاوە کوڕی ڕۆستەم خەڵکی پاوە، ساڵی ١٣٣٢ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: خوێندکاری مافی سیاسی

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٦ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە بۆ ماوەی ١٨ساڵ

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٩ تا ئێستا بۆ ماوەی ٥ ساڵ

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٠ تا ساڵی ٧٤ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

٣ـ ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٦٦ تا ساڵی ١٣٧٠و ساڵی ١٣٧٦ تا ١٣٧٩، بۆ ماوەی ٧ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ کاوە بریتیبوون لە:

١ـ فەرماندەی هێزی زاگرۆس

٢ـ فەرماندەی هێزی گیارەنگ

٣ـ بەرپرسی فێرگەی سیاسی نیزامی


٤ـ سەرپەرستی کۆڕی هونەریو کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمەکانی حیزب

٥ـ بەرپرسی ناوەندی پەزیرش

٦ـ بەرپرسی بەشی کادرو پێشمەرگە لە کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید سدیق فیرووزی

هاوڕێ سدیق فیرووزی کوڕی سالّەح، خەڵکی ئاوایی نسڵ، ساڵی ١٣٣٩ لە دایک بووە.


ڕادەی خوێندەواری: دیپلۆم


ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی لە ساڵی ١٣٦٦ەوە تا ساڵی ٦٧ تێکۆشانی هەبووە.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکەی شەهید سدیق لەم ماوەیەدا، بەرپرسایەتیی کومیتە شارستانی کرماشان بووە.

تێبینی: ڕۆژی ٢٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٧ لە ناوچەی بێڵەواری کامیاران شەهید کرا.

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ ڕۆستەم جەهانگیری





هاوڕێ ڕۆستەم کوڕی نەعمان خەڵکی گوندی "بەند"ی ورمێ، ساڵی ١٣٤٣ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دووهەمی ناوەندی

ساڵی ١٣٦٠ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٤ دەورەو بۆ ماوەی ١٠ ساڵ، ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٩ تا ساڵی ١٣٨٤، بۆ ماوەی ٥ ساڵ

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٤ تا ساڵی ١٣٧٩، بۆ ماوەی ٦ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ ڕۆستەم لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ جێگری بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستان

٢ـ بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستان

٣ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک سەید ئەحمەد حوسەینی

کاک سەید ئەحمەد حوسەینی خەڵکی سەقز، لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبدا کە ڕۆژی ٢٨ی بەفرانباری ساڵی ١٣٦٦ گیرا، بووە بە جێگری کومیتەی ناوەندیو هەروەها لە کۆنگرەی ٩دا وەك جێگری کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی ١٠دا بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی.

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ سماییل بازیار



هاوڕێ سماییل بازیار کوڕی ڕەحمان خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣٤٠ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: خوێندکاری ساڵی سێهەمی مێژوو

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ٤ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، لە ساڵی ١٣٧٤ تا ساڵی ١٣٨٤ بۆ ماوەی ١٠ ساڵ. (کۆنگرەی ١٠، ١١، ١٢و ١٣)

هەروەها گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ سماییل لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی ناوەندی ٢


٢ـ بەرپرسی کۆمیتەی ئامووزش

٣ـ جێگری کومیسیۆنی ئامووزش

٤ـ بەرپرسی گۆڤاری "تیشك"

٥ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عەبدولقادر رەحمانی ( ناسراو بە قادر وریا )





هاوڕی قادر کوڕی فەتاح خەڵکی شنۆ، ساڵی ١٣٤٢ لە دایك بووە.

رادەی خوێندەواری: خوێندکاری ساڵی ٤ی زمانو ئەدەبیاتی کوردی

ساڵی ١٣٥٩ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٣ دەورە وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی (ساڵی ١٣٧٤ تا ٨٣) لە رێبەریی حیزبدا بووە. بۆ ماوەی ٩ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ قادر لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:



١ـ جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی

٢ـ بەرپرسی کومیتەی بەرێوەبەریی یەکیەتیی لاوان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ محەممەد شەهرەوان

هاوڕێ محەممەد شەهرەوان کوڕی خدر خەڵکی گوندی قولەری بۆکان، ساڵی ١٣٣٤ لە دایك بووە.

رادەی خوێندەواری: شەشی سەرەتایی

ساڵی ١٣٥٩ بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بەگشتی لەم ماوەیەدا ٤ دەورە ئەندامی رێبەریی حیزب بووە.

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە ساڵی ١٣٧٤ تا ساڵی ١٣٧٦ بۆ ماوەی ٢ ساڵ

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی لە ساڵی ١٣٧٠ تا ساڵی ١٣٧٤ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

٣ـ ئەندامی موشاویر لە ساڵی ١٣٧٦ تا ساڵی ١٣٧٩ بۆ ماوەی ٣ ساڵ

هەروەها گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕی محەممەد شەهرەوان لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی بۆکان

٢ـ بەرپرسی مەڵبەندی ٢ جنووب

٣ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی

٤ـ بەرپرسی نەخۆشخانە


٥ـ بەرپرسی تەدارۆکاتی گشتیی حیزب

٦ـ جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ سەید ئیبراهیم هاشمی





هاوڕێ سەید برایم کوڕی سەید حەسەن، خەڵکی قایبەردی بانە، ساڵی ١٣٢٩ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: شەشی سەرەتایی

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بەگشتی لەم ماوەیەدا ٥ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٨٣ تا ساڵی ١٣٨٤ بۆ ماوەی ٢ ساڵ

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، لە ساڵی ١٣٧٤ تا ساڵی ١٣٧٩ بۆ ماوەی ٦ ساڵ

٣ـ ئەندامی موشاویر، لە ساڵی ١٣٧٠ تا ساڵی ١٣٧٤ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

هەروەها گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ برایم لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی بانە

٢ـ بەرپرسی مەڵبەندی سپی‌سەنگ


٣ـ بەرپرسی کومیتەی پیرانشار


٤ـ ئەندامی ناوەندی ١و فەرماندەری تیپ

٥ـ ئەندامی ناوەندی ٣و بەرپرسی تیپ

٦ـ بەرپرسی ناوەندی ٢

# کورتەی ژیانی سیاسیی کاک عەبدوڵڵا ئیبراهیمی





کاک عەبدوڵڵا ئیبراهیمی، خەڵکی پیرانشار، ساڵی ١٣٢٥ لە دایک بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی ئابووری

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٣ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٠ تا ساڵی ٧٤ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٦٠ تا ساڵی ١٣٦٦ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

٣ـ موشاویری کومیتەی ناوەندی

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ عەبدوڵڵا ئیبراهیمی لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ بەرپرسی بەشیماڵیی حیزب

٢ـ جێگری کۆمیسیۆنی ماڵی

٣ـ بەرپرسی مەڵبەنی سپی سەنگ



٤ـ بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی

٥ـ بەرپرسی بەشی خەدەمات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ لۆقمان مێهفەڕ

هاوڕێ لۆقمان کوڕی خورشید خەڵکی گوندی مەلا عیسای شنۆ، ساڵی ١٣٤٢ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: (مافپەروەر) لیسانسی حقووق

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٥ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٤ تا ٧٦و ١٣٨٣ تا ئێستا

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، لە ساڵی ١٣٧٠ تا ١٣٧٤و لە ٧٤ەوە تا ١٣٧٩

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ لۆقمان لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی بۆکان

٢ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیو بەرپرسی بەشی پێشمەرگە


٣ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی شنۆ

٤ـ جێگری کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی

٥ـ بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی ئاشکراو ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ حوسەین نازدار ( حوسەین محەممەدزادە )





هاوڕێ حوسەین کوڕی محەممەد خەڵکی دەرمان ئاوی سەردەشت، ساڵی ١٣٤٢ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دیپلۆمی ئابووری

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزب و بەگشتی لەم ماوەیەدا ٣ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، لە ساڵی ١٣٧٤ تا ساڵی ١٣٧٦ بۆ ماوەی ٢ ساڵ، ساڵی ١٣٨٣ تا ئێستاش بۆ ماوەی ٢ ساڵ.

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، لە ساڵی ١٣٧٩ تا ساڵی ١٣٨٣ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

هەروەها گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ حوسەین لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ بەرپرسی کۆمیتەی ڕەبەت

٢ـ بەرپرسی بەشی خەدەمات

٣ـ بەرپرسی پەزیرش و ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک سلێمان کەڵەشی



کاک سلێمان خەڵکی سەڵماس، لە کۆنگرەی ١٠دا کە ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٧٤ گیرا، بووە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو هەروەها لە کۆنگرەی ١١شدا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوەتەوەو پاش کۆنگرە چووە بۆ ئورووپاو دوای ژیانی ئاسایی خۆی کەوتووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی کاک سلێمان لەو ماوەیەدا، بەرپرسایەتیی مەڵبەندی شیماڵ بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک عومەر حەمیدی

کاك عومەر حەمیدی خەڵکی شنۆ، لە کۆنگرەی هەشتەمدا کە ڕۆژی ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ لە سلێمانی گیرا، بووە بە جێگری کومیتەی ناوەندیو هەروەها لە کۆنگرەی ٩ش دا وەك جێگرو پاش شەهیدبوونی دوکتور سەعیدو هاوڕێیانی لە بێرلین، بوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی ١٠شدا دووبارە وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوەو ماوەیەك پاش کۆنگرەی ١٠ چووە بۆ ئورووپاو بەدوای ژیانی ئاسایی خۆی کەوتوە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاک سەید ڕەسووڵ سەید ئەحمەدی




کاك سەید ڕەسووڵ خەڵکی پیرانشار، ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لە یەکەمین پلینۆمی پاش کۆنگرەی هەشتەمدا کە ڕۆژی ٢٨ بەفرانباری ساڵی ١٣٦٦ لە شاری سلێمانی گیرا، وەك ئەندامی موشاویر دیاری کراو لە کۆنگرەی دەیەمیشدا وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی کاك سەید ڕەسووڵ لەو ماوەیەدا، فەرماندەریی هێزەکانی قەندیل، کێلەشینو ئاگری بووە. ئێستاش لە دەرەوەی وڵات دەژی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ ئەحمەد نستانی



هاوڕێ ئەحمەد کوڕی خدر خەڵکی نستانی سەردەشت، ساڵی ١٣٢٤ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: شەشی سەرەتایی

ساڵی ١٣٤٢ بۆتە ئەندامی حیزبو بۆ ماوەی ٣ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە، بۆ ماوەی ٩ ساڵ:

١ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٤ تا ساڵی ١٣٧٩ بۆ ماوەی ٥ ساڵ

٢ـ ئەندامی موشایر، ساڵی ١٣٦٦ تا ساڵی ١٣٧٠ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکان هاوڕێ ئەحمەد نستانی لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی هێزی مینەشەم

٢ـ فەرماندەری هێزی قەندیل



٣ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی

٤ـ بەرپرسی هێزی سامرەند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ سەید ئیبراهیم کەریمی

هاوڕێ برایم کەریمی کوڕی سەید قادر، خەڵکی گوندی قزڵقۆپی مەهاباد، ساڵی ١٣٣٥ لە دایك بووە.

رادەی خوێندەواری: دیپلۆم

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ٢ دەورە وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٦ تا ساڵی ١٣٨٣ بۆ ماوەی ٧ ساڵ، لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ برایم کەریمی لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ جێگری کومیتەی ئەمنییەت

٢ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی نهێنی

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ ئەسعەد ئەحمەدی



هاوڕێ ئەسعەد ئەحمەدی کوڕی سەعید خەڵکی بۆڕیەری مەریوان، ساڵی ١٣٤١ لە دایک بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دووهەمی ناوەندی

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٢ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٨٣ تا ئێستا

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٤ تا ساڵی ١٣٧٦ بۆ ماوەی ٣ ساڵ


گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ ئەسعەد لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی مەڵبەندی ٣ی جنووبی کوردستان

٢ـ بەرپرسی کومیتەی کرماشان

٣ـ بەرپرسی کومیتەی خەدەمات

# کورتەی ژیانی سیاسیی شەهید سەید مەنسوور ناسری



کاك مەنسوور ناسری خەڵکی شاری سنە، ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەو ماوەیەدا ١ دەورە، لە کۆنگرەی دەیەمی حیزبدا کە ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٧٤ لە کۆیە گیرا، وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ مەنسوور ناسری لەو ماوەیەدا، بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی حیزب بووە لە سلێمانی.


**لە ڕێکەوتی ١٧ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٦ لە دەروازەی کۆیەی کوردستانی عێراق شەهید کرا.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ مۆعتەسم نوورانی





هاوڕێ مۆعتەسم کوڕی عەلی خەڵکی گوندی "ئازاد"ی مەهاباد، ساڵی ١٣٣٤ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: "فوق دیپلم راه و ساختمان"

ساڵی ٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ٢ دەورە وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٤ تا ساڵی ١٣٨٣، بۆ ماوەی ٧ ساڵ، (جگە لە ٢ ساڵ) لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ مۆعتەسەم لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی بۆکان

٢ـ بەرپرسی بەشی پێشمەرگە لە سیاسی نیزامی


٣ـ بەرپرسی نەخۆشخانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ کەریم مەهدەوی ( ناسراو بە کەریم سەقزی )





هاوڕێ کەریم سەقزی کوڕی ڕەحیم خەڵکی خاپوورە دێی بانەو ساڵی ١٣٤٠ لە گوندی قشڵاقی سەقز لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: پێنج (٥)ی سەرەتایی

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ٣ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

١ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٤ تا ساڵی ١٣٨٣ بۆ ماوەی ٩ ساڵ

هەروەها گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ کەریم لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ فەرماندە هێزی پارێزگاری

٢ـ ئەندامی کومیتەی ئەمنییەت

٣ـ بەرپرسی کومیتەی بۆکان

٤ـ بەرپرسی کومیتەی بانە

٥ـ فەرماندەی تیپی ناوەندی ٢

٦ـ بەرپرسی پاراستن لە کومیتەی ئەمنییەت

٧ـ سەرپەرستی هێزی سامڕەند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ خەدیجە مەعزوور



هاوڕێ خەدیجە کچی محەممەد خەڵکی شنۆ، ساڵی ١٣٤٠ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: خوێندکاری ساڵی دووهەمی یاسا

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٣ دەورە وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی (١٣٧٦ تا ئێستا) لە ڕێبەریی حیزب دایە.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکان بریتی‌بوون لە:

١ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی ڕادیۆ

٢ـ بەرپرسایەتیی دوو بەرنامەی ڕادیۆیی دەنگی کوردستانی ئێران (بەرنامەی ئێمەو گوێگرەکانو بۆ بەختیاری کۆمەڵ)

٣ـ بەرپرسی بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ محەممەد ساڵەح قادری



هاوڕێ محەممەد ساڵەح کوڕی دەروێش خەڵکی گوندی "چەهریق"ی سەڵماس، ساڵی ١٣٤٣ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: سێهەمی ناوەندی

ساڵی ١٣٦١ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٢ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٨٣ تا ئێستا

٢ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٩ تا ساڵی ١٣٨٣ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ محەممەد ساڵەح لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامیو بەرپرسی بەشی پێشمەرگە

٢ـ بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ مەلا ئەحمەد رەحیمی



هاوڕێ ئەحمەد رەحیمی کوڕی غەفوور خەڵکی گوندی "نروێ"ی نەوسوود، ساڵی ١٣٣٢ لە دایك بووە.

رادەی خوێندەواری: شەشی کۆنو زانستی دینی تەواو کردوە

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٢ دەورە وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی (١٣٧٩ تا ئێستا، بۆ ماوەی ٥ ساڵ) لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ ئەحمەد رەحیمی لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ جێگری کۆمیسیۆنی رادیۆ


٢ـ ئەندامی ناوەندی ١و بەرپرسی بەشی ماڵی

٢ـ بەرپرسی ناوەندی ١ی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ خوسرەو بەهرامی



هاوڕێ خوسرەو بەهرامی کوڕی ڕۆستەم خەڵکی پاوە، ساڵی ١٣٣٤ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دوکتورای کۆمەڵایەتی

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزب‌و لەم ماوەیەدا ٢ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٩ تا ساڵی ١٣٨٣

٢ـ ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٧٦ تا ساڵی ١٣٧٩

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ خوسرەو بەهرامی لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئوتریش

٢ـ بەرپرسی بەشی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە وڵاتی ئۆتریش

٣ـ بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی ئورووپای ناوەندی

٤ـ بەرپرسی بەشی تەشکیلات‌و جێگری نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات‌و ئەندامی کومیتەی ئورووپا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ محەممەد کەسرایی



هاوڕێ محەممەد کەسرایی کوڕی خدر خەڵکی سەردەشت، ساڵی ١٣٤٢ لە دایك بووە.

رادەی خوێندەواری: دیپلۆم

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ٢ دەورە وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٩ تا ساڵی ١٣٨٤، بۆ ماوەی ٥ ساڵ، لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.


هەروەها گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ محەممەد کەسرایی لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی نهێنی

٢ـ بەشی ئیداریو ماڵیی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی

٣ـ ئەندام لە کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ محەممەد حەسەنپوور



هاوڕێ محەممەد کوڕی محەممەد ئەمین خەڵکی سەردەشت، ساڵی ١٣٣٠ لە دایك بووە.

رادەی خوێندەواری: دیپلۆم

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٣ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، سالی ١٣٧٩ تا ئێستا "٨٤"

٢ـ ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٧٧ تا ١٣٧٩

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ محەممەد حەسەنپوور لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ لە سکرتاریا کاری کردوە

٢ـ نوێنەری حیزب لە بەغدا

٣ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی پێوەندی‌یەکان حیزب

٤ـ بەرپرسی پێوەندیی سلێمانی

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ خوسرەو عەبدوڵڵاهی



هاوڕێ خوسرەو عەبدوڵڵاهی، خەڵکی سەلّماس، ساڵی ١٣٢٩ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دوکتۆرای مێژووی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکان

هاوڕێ خوسرەو لە ساڵی ١٣٥٧دا بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکرات‌و لەم ماوەیەدا ٢ دەورە (کۆنگرەی ١١ و ١٢) ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی کاك خوسرەو لەو ماوەیەدا بریتی بوون لە:

١ـ نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات

٢ـ بەرپرسی دەفتەری حیزب لە پاریس

٣ـ نوێنەری حیزب لە ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست

٤- بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ "یەکیەتیی کردەوەی بەردەوامی سیاسی"

٥ـ بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی حیزب لە ئورووپا

٦ـ جێگری بەرپرسی کومیتەی ئورووپا

٧ـ جێگری نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ تاهیر کەسیلی



هاوڕێ تاهیر کوڕی عەبدولڕەحمان خەڵکی گوندی قادری زەهاف‌و سەر بە سەرپۆڵ‌و زەهاو، ساڵی ١٣٤٦ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: سێهەمی ناوەندی

ساڵی ١٣٦٦ بۆتە ئەندامی حیزب‌و لەم ماوەیەدا ٢ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

١ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٨٣ تا ئێستا

٢ـ ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٧٩ تا ساڵی ٨٣ بۆ ماوەی ٤ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ تاهیر لەم ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی بەشی ئەمنییەتیی ناوەندی ١


٢ـ بەرپرسی بەشی ماڵیی ناوەندی ١

٣ـ جێگری بەرپرسی ناوەندی ١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عەلی کەسنەزانی



هاوڕێ عەلی کەسنەزانی کوڕی محمود، خەڵکی کەسنەزانی سەقز، ساڵی ١٣٣٠ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: یەکەمی ناوەندی

ساڵی ٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا یەك دەورە وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی (ساڵی ١٣٧٩ تا ١٣٨٣) لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیيەکانی هاوڕێ عەلی بریتیبوون لە:

١ـ ئەندامی ناوەندی ٣ی کوردستان

٢ـ بەرپرسی بەشی ئەمنییەتی ناوەندی ٣

٣ـ بەرپرسی بەشی ماڵیی ناوەندی ٣

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ خالید عەزیزی



هاوڕێ خالید خەڵکی نەغەدە

ڕادەی خوێندەواری: "فوق لیسانس"ی حقووقی سیاسی

لە کۆنگرەی ١٢ی حیزبدا کە ١/١٠/ ١٣٧٩ لە کەرکوك گیرا، وەك جێگری کومیتەی ناوەندیو یەکەمین پلینۆمی دوای کۆنگرەی ١٣شدا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ خالید عەزیزی لەو ماوەیەدا، نوێنەرایەتیی حیزب بووە لە ئامریکاو بەرپرسایەتیی تەشکیلاتی دەرەوە بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ میرۆ عەلیار



هاوڕێ میرۆ، خەڵکی بۆکان، ساڵی ١٣٣٣ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دوکتورای کۆمەڵناسی لە ئۆتریش وەرگرتوە

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ٢ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە:

١ـ ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٧٦ تا ساڵی ١٣٧٩

٢ـ ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٧٩ تا ساڵی ١٣٨٣

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ میرۆ لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات

٢ـ بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە ئاڵمان

٣ـ بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە ئۆتریش

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ سەید عەبدوڵڵا حوسەینی



هاوڕێ سەید عەبدوڵڵا حوسەینی کوڕی محەممەد خەڵکی عیسی کەندی مەهاباد، ساڵی ١٣٣٩ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: خوێندکاری ساڵی دووهەمی یاسا


ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی (ساڵی ١٣٧٦ تا ساڵی ١٣٧٩) ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ عەبدوڵڵا حوسەینی لەو ماویەدا بریتیبوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی مەهاباد

٢ـ ئەندامی ناوەندی ٢

## كورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ حەمزە چێهرەگوشا ( ناسراو بە بێبەش )




هاوڕێ بێبەش كوڕی عەزیز خەڵكی قەرەقشلاقی مەهاباد ساڵی ١٣٤١ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دیپلۆم

ساڵی ١٣٥٩ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی موشاویر، (١٣٧٧ تا ١٣٧٩) بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ بێبەش لەو ماوەیەدا، ئەندامەتیی كۆمیسیۆنی ڕادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران بووە.

## كورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ خالید وەنەوشە



هاوڕێ خالید كوڕی مستەفا خەڵكی گوندی قەرەقشلاقی مەهاباد، ساڵی ١٣٤٢ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دووهەمی دەبیرستان

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٨٠ تا ساڵی ١٣٨٣، بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە ڕێبەریی حیزبدا بووە.

١ـ ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٨٠ تا ساڵی ١٣٨٣ بۆ ماوەی ٣ ساڵ

گرنگترین بەرپرسایەتییەكانی هاوڕێ خالید لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ كاروباری پێوەندییەكانی سكرتاریا

٢ـ ئەندامی كۆمیسیۆنی ئامووزش

٣ـ ئەندامی كومیتەی ئەمنییەت

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عومەر شاداب




هاوڕێ عومەر شاداب کوڕی محەممەد خەڵکی گوندی "هێ"ی شنۆ، ساڵی ١٣٣٨ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: یەکەمی دواناوەندی

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی موشاویر (١٣٨٠ ـ ١٣٨٣) لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی کاك عومەر لەو ماوەیەدا بریتی بووە لە ئەندامەتیی ناوەندی ٣ی کوردستانو بەرپرسی بەشی ئامووزش.

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عومەر غوڵامعەلی



هاوڕێ عومەر غۆڵامعەلی کوڕی سمایل خەڵکی ناوچەی بۆکان، ساڵی ١٣٤١ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دواناوەندی

ساڵی ١٣٥٨ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٨٣ تا ئێستا "٨٤"، لە ڕێبەریی حیزبدا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتییەکانی هاوڕێ عومەر لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ ئەندامی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردن


٢ـ بەرپرسی بەشی فیلمو موزیك

٣ـ بەرپرسی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمەکانی حیزب



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## كورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ ڕەحیم مەونگوڕی



هاوڕێ ڕەحیم كوڕی ئیسماییل، خەڵكی پیرانشار،ساڵی ١٣٤٢ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: پێنجەمی سەرەتایی


ساڵی ١٣٦٢ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی جێگری كومیتەی ناوەندی (١٣٨٣ تا ئێستا)لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتییەكانی هاوڕێ ڕەحیم مەنگوڕی لەو ماوەیەدا بریتیبوون لە:

١ـ ئەندامی ناوەندی ٣ی كوردستان

٢ـ فەرماندەی تیپی ناوەندی ٣ی كوردستان

## كورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عەبدولڕەزا كەریمی



هاوڕێ عەبدولڕەزا كوڕی محەممەد عەلی خەڵكی كرماشان.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی مێژوو

ساڵی ١٣٦١ بۆتە ئەندامی حیزبو لەو ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی موشاویر، (١٣٧٩ تا ١٣٨٣) لە ڕێبەریی حیزبدا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ عەبدولڕەزا لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتیی پێوەندییەكانی حیزب بۆ كاروباری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات بووە.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ کەریم پەرویزی



هاوڕێ کەریم پەرویزی کوڕی عەبدولمحەممەد خەڵکی کامیاران، ساڵی ١٣٥٦ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: موهەندیسی کامپیوتێر

ساڵی ١٣٧٩ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی موشاویر هەڵبژێردراوە، (ساڵی ١٣٨٣ تا ئێستا) ماوەی ٢ ساڵە لە ڕێبەریی حیزب دایە.

هەروەها گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ کەریم لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ ئەندامی کومیسیۆنی چاپەمەنیو بەرپرسی بەشی فەننی

٢ـ سکرتێری یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عەلی سۆرانی



هاوڕێ عەلی سۆرانی کوڕی ساڵەح خەڵکی سەقز، ساڵی ١٣٥٢ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: ناوەندیی تەواو کردوە

ساڵی ١٣٧٢ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی موشاویر (١٣٨٣ تا ئێستا، بۆ ماوەی ٢ ساڵ) لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.


گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ عەلی سۆرانی لەو ماوەیەدا، ئەندامی کۆمیسیۆنی ماڵیو بەرپرسی ساڵۆنی گشتی بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ ئەحمەد جەهانگیری

کاك ئەحمەد جەهانگیری خەڵکی سەردەشت، پاش کۆنگرەی ١٢ کە شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٧٩ لە کەرکووك گیرا، لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی‌دا وەك موشاویری کومیتەی ناوەندی بۆ کاروباری حیزب لە نۆروێژ هەڵبژێردراو تا کۆنگرەی ١٣ (١٣ تا ١٧ی پووشپەڕی ١٣٨٣) ئەو بەرپرسایەتی‌یەیان لە ئەستۆ بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی کاك ئەحمەد لەو ماوەیەدا نوێنەرایەتیی حیزب لە وڵاتی نوروێژ بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عیرفان ڕەهنموون



هاوڕێ عیرفان ڕەهنموون کوڕی یوسف، خەڵکی مەریوان،ساڵی ١٣٥٢ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانسی فەلسەفە

ساڵی ١٣٧٥ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٨٣ تا ئێستا بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ عیرفان لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ ئەندامەتیی کومیسیۆنی چاپەمەنیو بەرپرسی وێب سایتی "کوردستان میدیا"

٢ـ نوێنەری حیزب لە سلێمانی

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك سەعید بەیگزادە



هاوڕێ سەعید خەڵکی مەهاباد، لە ساڵی ١٣٣٦دا لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دیپلۆم

ساڵی ١٣٥٧ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ٢ دەورە ئەندامی ڕێبەریی حیزب بووە.

١ـ ئەندامی موشاویر، لە ساڵی ١٣٧٩ تا ساڵی ١٣٨٣ بۆ ماوەی ٤ ساڵ، لە کۆنگرەی ١١و ١٢.

هەروەها گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ سەعید بەیگزادە لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی کومیتەی سکاندیناوی


٢ـ ئەندامی کومیتەی ئورووپا

٣ـ بەرپرسی کومیتەی سوئێد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ هێمن سەیدی




هاوڕێ هێمن کوڕی مەحموود خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣٥٣ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: "فوق لیسانس معماری"

ساڵی ١٣٨٠ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی موشاویر، لە ساڵی ١٣٨٣ەوە تا ئێستا لە ڕێبەریی حیزب دایە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ هێمن لەو ماوەیەدا بریتییە لە جێگری کۆمیسیۆنی رادیۆ.

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ سیامەك وەکیلی



هاوڕێ سیامەك کوڕی عەلی خەڵکی سنە، ساڵی ١٣٥٠ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: سێهەمی ناوەندی

ساڵی ١٣٦٩ بۆتە ئەندامی حیزبو بۆ ماوەی ١ دەورە وەك جێگری کومیتەی ناوەندی، ساڵی ١٣٨٣ تا ئێستا لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ سیامەك لەو ماوەیەدا بریتی بووە لە ئەندامەتیی ناوەندی ١.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ عەبدوڵڵا بەهرامی



هاوڕێ عەبدوڵڵا بەهرامی کوڕی ئیسمایل خەڵکی بۆکان، ساڵی ١٣٥٢ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: دیپلۆم

ساڵی ١٣٧٣ بۆتە ئەندامی حیزبو بەگشتی لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی موشاویر، ساڵی ١٣٨٣ تا ئێستا بۆ ماوەی ٢ ساڵ، لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتی‌یەکانی هاوڕێ عەبدوڵڵا لەو ماوەیەدا بریتی‌بوون لە:

١ـ بەرپرسی بەشی کوردیی ڕۆژنامەی "کوردستان"

٢ـ جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی

## کورتەی ژیانی سیاسیی هاوڕێ شاهۆ فەرازمەند



هاوڕێ شاهۆ کوڕی قادر خەڵکی مەهاباد، ساڵی ١٣٥٤ لە دایك بووە.

ڕادەی خوێندەواری: لیسانس لە ڕشتەی موهەندیسی کەشاوەرزی‌دا

ساڵی ١٣٧٧ بۆتە ئەندامی حیزبو لەم ماوەیەدا ١ دەورە وەك ئەندامی موشاویر (١٣٨٣ تا ئێستا) بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە ڕێبەریی حیزب دا بووە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ شاهۆ لەو ماوەیەدا، ئەندامەتیی کومیتەی ئەمنییەتو بەرپرسایەتیی بەشی فەننیی کۆمیتەی ئەمنییەت بووە.

## کورتەی ژیانی سیاسیی کاك عەلی کتابی خەڵکی بانە


کاك عەلی کتابی لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبدا کە ١١ی سەرماوەز لە "شیوەجۆ"ی ڕەبەت گیراوە، وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی بۆ ماوەی ١ دەورە هەڵبژێردراوە. دوایی حیزبی بەجێ هێشتووەو چووە بۆ ئورووپاو لەوێ کۆچی‌دوایی کردوە.

گرنگترین بەرپرسایەتیی هاوڕێ عەلی لەو ماوەیەدا، بڕپرسایەتیی کومیتەی سەقز بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەی ژیانی سیاسیی کاک محەممەد ئەمین مەجیدیان




کاك محەممەد ئەمین خەڵکی شاری بانەو لە دایکبووی ساڵی ١٣٢١.

رادەی خوێندەواری: فوق لیسانس (حقووقی سیاسی)

ساڵی ١٣٦٢ بۆتە ئەندامی حیزبو لە کۆنگرەی شەشەمی کە رۆژی ٢ی رێبەندانی١٣٦٢ی هەتاوی لە "گەلاڵە" سەر بە ئوستانی سلێمانی (کوردستانی عێراق) گیرا، بووە بە ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندیو لە کۆنگرەی ٧یش دا وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوەو پاشان حیزبی بەجێ هێشتو دوای ژیانی ئاسایی خۆی کەوت.

گرنگترین بەرپرسایەتیی کاك محەممەد لەو ماوەیەدا، بەرپرسایەتیی سیاسیی فێرگەو ئەندامی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیو رادیۆ بووە.

# کورتەی ژیانی سیاسیی کاك ئەحمەد باتکان ( پادگانی )



کاك ئەحمەد پادگانی کوڕی ساڵەح، خەڵکی مەریوانو لە دایکبووی **١٣٣٧**ی هەتاوی.

ڕادەی خوێندەواری: سیکل

ساڵی ١٣٦١ بۆتە ئەندامی حیزبو لەو ماوەیەدا ١ دەورە وەك موشاویری کومیتەی ناوەندی پاش کۆنگرەی نۆهەم لە ڕێبەریی حیزب دا بووە (ساڵی ١٣٧١ تا **١٣٧٣** بۆ ماوەی **٣** ساڵ).

بەرپرستایەتی‌یەکانی کاك ئەحمەد لەو ماوەیەدا بریتی بوون لە:

١ـ فەرماندەی هێزی زاگرۆس

**٢**ـ بەرپرسی کومیتەی شارستانی مەریوان

**٣**ـ ئەندامی مەڵبەندی ١ی جنووبی کوردستان

٤ـ ئەندامی کومیتەی ئەمنییەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**سەرچاوەکان:**

کوردستانو کورد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەمو دووهەم، عەبدوڵڵا حەسەنزادە

پەنجا ساڵ خەبات، بەرگی یەکەم، جەلیل گادانی

حکوومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا

ئارشیوی رۆژنامەی "کوردستان"

ئالبۆمی وێنەی چەند هاوڕێیەکی دێرینی حیزب

---

خوێنەرانی بەڕێز!

لە کۆتاییدا داواتان لێ دەکەین، ئەگەر وێنە یا زانیاریی زیاترتان لەسەر هەر یەك لەم ١٨٣ کەسەی ئەندامانی رێبەریی حیزب هەیە کە ئێمە نەمان‌نووسیوە، بەم ئادرێسە ئیمەیلو ژمارە فاکسەی خوارەوە بۆمان بنێرن:


ئیمەیل: sda9988@yahoo.com

فاکس: ٠٠ ١٨٣ ٢٢ ١٨ ٣٧ ٤٤


سوپاستان دەکەین

# ئەندامانی رێبەریی حیزب، هەڵبژێرداوی کۆنگرەی ١٣




مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب



حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتی

## ئەندامانی دەفتەری سیاسی




تەیموور مستەفایی
مستەفا مەولوودی
محەممەدنەزیف قادری
حەسەن رەستگار
عەلی مێهرپەروەر

## ئەندامانی کومیتەی ناوەندی




چەکۆ رەحیمی
ئەسعەد ئەحمەدی
محەممەد ساڵح قادری
سەیدرەزا دروودگەر
کاوە بەهرامی
برایم هاشمی
رۆستەم جەهانگیری
حەسەن قادرزادە



حەسەن شیوەسڵی
خالید عەزیزی
شاهۆ حوسەینی
لوقمان مێهفەر
سمایل بازیار
کەماڵ کەریمی
ئەحمەد رەحیمی
عومەر باڵەکی
حوسەین نازدار

## ئەندامانی جێگری کومیتەی ناوەندی



سیامەك وەکێلی
رەحیم مەنگوڕ
عومەر غوڵامەلی
تاهیر کەسیلی
محەممەد کەسرایی
محەممەد حەسەنپوور
خەدیجە مەعزوور

## ئەندامانی موشاویری کومیتەی ناوەندی



عەبدوڵڵا بەهرامی
عەلی سۆرانی
هێمن سەیدی
شاهۆ فەرازمەند
کەریم پەرویزی
عیرفان رەهنموون

# 60

# ٦٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا



## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ـ ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٤

**کومیتەی بەڕێوەبەریی ڕێورەسمی جەژنی شەست ساڵەی دامەزرانی حیزب**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org